# شەرحی عەقیدەی تەحاوی-تەوحید (ئەڵقەی سێیەم)

## تەوحیدی پەروەردگارێتی

نووسنینی: شێخی دکتور سفر عبدالرحمن الحوالی
وەرگێڕان: باوکی موحەممەد

پوختەی ئەم بابەتە: ئەم دەرسە باس لە تەوحیدی پەروەردگارێتی دەکات، وە چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سوور بووە لەسەر پاراستنی گەورەیی تەوحیدو گرتن و بەربەستکردنی هەر ڕێگایەك بەرەو شیرك دەڕوات، پاشان قسە لەسەر هۆکارەکانی شیرك دەکات لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێکیاندا.

## ڕەگەزەکانی تەوحید (ئەڵقەی سێیەم)

### 1. تەوحیدی پەروەردگارێتی (توحيد الربوبية)

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

[والمشهور عند أهل النظر إثباته بدليل التمانع، وهو: أنه لو كَانَ للعالم صانعان فعند اختلافهما مثل أن يريد أحدهما تحريك جسم والآخر تسكينه، أو يريد أحدهما إحياءه والآخر إماتته- فإما أن يحصل مرادهما أو مراد أحدهما أو لا يحصل مراد واحد منهما، والأول ممتنع، لأنه يستلزم الجمع بين الضدين، والثالث ممتنع، لأنه يلزم خلو الجسم عن الحركة والسكون، وهو ممتنع، ويستلزم أيضاً عجز كل منهما، والعاجز لا يكون إلها، وإذا حصل مراد أحدهما دون الآخر، كَانَ هذا هو الإله القادر، والآخر عاجزاً لا يصلح للإلهية، وتمام الكلام عَلَى هذا الأصل معروف في موضعه، وكثير من أهل النظر يزعمون أن دليل التمانع هو معنى قوله تعالى: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء:22] لاعتقادهم أن توحيد الربوبية الذي قرروه هو توحيد الإلهية الذي بينه القرآن، ودعت إليه الرسل عليهم السلام وليس الأمر كذلك،، بل التوحيد الذي دعت إليه الرسل، ونزلت به الكتب، هو توحيد الإلهية المتضمن توحيد الربوبية، وهو عبادة الله وحده لا شريك له، فإن الْمُشْرِكِينَ من العرب كانوا يقرون بتوحيد الربوبية، وأن خالق السموات والأرض واحد، كما أخبر تَعَالَى عنهم بقوله: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ [لقمان:25] **﴿قُلْ لِمَنِ الْأَرْضُ وَمَنْ فِيهَا إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلا تَذَكَّرُونَ﴾ [المؤمنون:84، 85]** ومثل هذا كثير في القرآن، ولم يكونوا يعتقدون في الأصنام أنها مشاركة لله في خلق العالم، بل كَانَ حالهم فيها كحال أمثالهم من مشركي الأمم من الهند والترك والبربر وغيرهم، تارة يعتقدون أن هذه تماثيل قوم صالحين من الأنْبِيَاء والصالحين، ويتخذونهم شفعاء، ويتوسلون بهم إِلَى الله، وهذا كَانَ أصل شرك العرب، قال تَعَالَى حكاية عن قوم نوح: ﴿وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدّاً وَلا سُوَاعاً وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْراً﴾ [نوح:23] وقد ثبت في صحيح البُخَارِيّ ، وكتب

التفسير، وقصص الأنبياء وغيرها، عن ابن عباس رضي الله عنهما ــ وغيره من السلف : أن هذه أسماء قوم صالحين في قوم نوح، فلما ماتوا عكفوا علَى قبورهم، ثُمَّ صوروا تماثيلهم، ثُمَّ طال عليهم الأمد فعبدوهم، وأن هذه الأصنام بعينها صارت إلَى قبائل العرب، ذكرها ابن عباس ــ رضي الله عنهما ــ قبيلة قبيلة]. إهـ

**واته:** [ئەوەی کە لای ئەهلی نەزەرو تێروانین بە ناوبانگە سەلماندنی خوایە بە بەڵگەی تەمانوع، کە: ئەگەر دوو دروستکەر بۆ ئەم جیهانە ببوایە، ئەوە لە کاتی جیاوازییاندا وەك بە نموونە یەکێکیان بیەوێت لاشەیەك بجوڵێنێت و ئەوی دیکە بیەوێت نەجوڵێت، یان یەکێکیان بیەوێت زیندووی بکاتەوەو ئەوی تر بیەوێت بیمرێنێت، یان مەبستی هەردووکیان یان یەکێکیان یان هیچی کامیان نایەتە جێ، جا یەکەمیان کۆکردنەوە لە نێوان دوو دژدا دەخوازێت و نابێت و قەدەغەیە (ممتنع)ە،، وە سێیەمیش هەر نابێت و قەدەغەیە، چونکە دەخوازێت لاشەکە هیچ جووڵەو ناچووڵەیەکی نەبێت، کە ئەویش نابێت و هەروەها بێتوانایی هەریەکەیان دەخوازێت، وە بێتواناش نابێتە خوا، وە ئەگەر مەبەستی یەکێکیشیان بێ ئەوەی تریان بێتە دی، ئەوەیان مەبەستەکەی هاتۆتە دی دەبێتە خوای باڵادەست و بە توانا، ئەوی دیکەیان بێتاوان دەبێت و بە کەڵکی خوایەتی نایەت، وە قسەی تەواویش لەسەر ئەم بنەمایە لە شوێنی خۆیدا زانراوە، وە زۆرێکیش لە ئەهلی نەزەر و تێروانین وا دەزانن کە بەڵگەی تەمانوع ئەم فەرموودەی خوایە کە دەفەرموێت: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء:22] ئەویش لەبەر بیروباوەڕیان بەوەی کە ئەو تەوحیدی پەروەردگارێتییەی ئەوان بڕیاریان داوەو لەسەرینی، هەمان ئەو تەوحیدی خوایەتییەیە کە قورئان ڕوونی کردۆتەوەو پێغەمبەران سەلامیان لێ بێت بانگەشەیان بۆ کردوو، کە کارەکە بەو شێوە نییە، بەڵکوو ئەو تەوحیدەی پێغەمبەران بانگەشەیان بۆ کردووەو کتێبێ پێ هاتۆتە خوارێ، تەوحیدی خوایەتییە کە تەوحیدی پەروەردگارێتیشی لە خۆ گرتووە، کە بەندایەتیکردنی خوایە بە تاك و تەنهاو بڕیارنەدانی هیچ هاوەڵێکە بۆی، لەڕاستیدا هاوەڵگیرەکانی عەرەب دانیان ئەنا بە تەوحیدی پەروەردگارێتیداو باوەڕیان پێی بوو، کە دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی یەکێکە، وەك خوای متعال هەواڵی پێ داوین و دەفەرموێت: ﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ [لقمان:25]﴿قُلْ لِمَنِ الْأَرْضُ وَمَنْ فِيهَا إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ﴾ [المؤمنون:84، 85] هاوێنەی ئەمانەش لە قورئاندا زۆر بە دی دەکرێت، ئەوانە باوەڕیان وا نەبوو کە بتەکانیان لە دروستکردن و بە دیهێنانی ئەم جیهانەدا هاوبەشی خوان، بەڵکوو حاڵی ئەوانیش وەك حاڵی سەرجەم موشریك و هاوەڵگیرانی نەتەوەکانی هیندستان و تورك و بەربەرو جگە لەوانیش بوو، جارێك باوەڕیان وابوو کە ئەمانە پەیکەری کۆمەڵێك پیاوی

چاكن له پێغەمبەران و پیاوچاكان، وە ئەیانكردنە نێوەندە لە نێوان خۆیان و خوادا، ئەیانكردنە هۆكارو وەسیلەو خۆیان پێ لە خوا نزیك دەكردەوە، كە ئەمە ئەسڵ و بنەمای شیرك و هاوەڵگیری عەرەبەكان بوو، خوای گەورە لە گێرانەوەی سەبارەت بە گەلی نوح دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا لا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلا تَذَرُنَّ وَدّاً وَلا سُوَاعاً وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْراً﴾ [نوح:23] وە لە سەحیحی بوخاری و، كتێبەكانی تەفسیرو، چیرۆكی پێغەمبەرانو، شتانی دیكەشدا لە ئیبن عەبباس و جگە لەویش لە پێشین جێگیر بووە كە فەرموویانە: [كە ئەمانە ناوی چەند پیاوچاكێكی گەلی نوح بوون، جا كاتێك مردن خەڵكەكە چونە سەر گۆڕەكانیان و مانەوە لەسەریان، پاشان پەیكەرو شێوەیان بۆ دروستكردن، پاشان كات تێپەڕی و لە دواییدا كەوتنە پەرستنیان، وە خودی ئەم بتانە لە ناو تیرەو هۆزە عەرەبەكاندا بە ناوەكانی خۆیانەوە دەپەرستران] ئیبن عەبباس خوا لێی ڕازی بێت هۆز هۆز باسی كردوون و ناوی بردوون] اهـ

## شەرح و ڕاڤەكردن:

دانەر باسی لەوە كردووە كە بوونی خوا-سبحانەوتعالی- و داننان بە تەوحیدی پەروەردگارێتیدا كارێكە هەموو دروستكراوەكان بەگشتی كۆكن لەسەری و پێی خۆڕسك كراون، وە باسی بێتوانایی ئەهلی كەلام و خاوەن نەزەرو ئیجتیهادییە ژیریەكانی كردووە، یان لێكۆڵینەوە كەلامیەكان، وە ئەوانە هەركاتێ هاتبن و بەڵگەیەكیان لەسەر بوونی خوا -سبحانەوتعالی- هێنابێ، فەیلەسووفەكان هاتوون و ئەو بەڵگەی ئەوانیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەم جۆرەش قسەكان یەكتر هەڵدەوەشێننەوە، چونكە ئەهلی كەلام هاتوون هەر لە هەمان ڕەگەزی فەیلەسووفەكان ئەمانیش بنەماكانی خۆیان دارشتووە-فەیلەسووفەكانیش شارەزاترن بە بنەماكانی خۆیان- جا ئەگەر ئەمان هەمان بنەمای فەیلەسووفەكان بەڵگەی خۆیان دانا، ئەوە زۆر بە ئاسانی فەیلەسووفەكان دەتوانی هەڵیوەشێنن و پووچی بكەنەوە، چونكە خۆیان بنەماكانیان بۆ داناون و ئەوان شارەزاترن پێی.

لەبەر ئەوە هەندێكیان ناچار بوون بڵێن: بوونی خوا و تەوحیدی پەروەردگارێتی، كارێكە تەنها بە بیستن و وەحی جێگیر بووەو وەرگیراوە، بە جۆرێك ئەگەر وەحی دەربارەی نەهاتایەو ئاگاداری نەكردینایە ژیرییەكان بێتوانا دەبوون لە سەلماندنیدا؛ چونكە هیچ بەڵگەیەك نییە ژیری بیسەلمێنێ و دایبێنێ مەگەر ژیریی تر دێن و ئەو بەڵگە هەڵدەوەشێننەوە، ئەمە بووە كە گەیاندونی بەو قەناعەتەی ئاوا بڕیار بدەن، وتیان:

مەسەلەکە پەیوەستە بە هەواڵدان و وەحییەوە، ئەمەش لە زیادەڕەوی و نەفامیانەوە بووە وتویانە ﷺ بە ڕاستی ئێمە ڕوونمان کردوە کە خوا سبحانەوتعالی کاتێ ئەم قورئانەی ناردۆتە خوارێ بەڵگەی ڕۆشن و بەهێزی تیادا ناردووە، قورئان تیۆرو نەزەری فەلسەفی نییە بەڵکوو هاتووە خوارەوەی خوایەکی بەدەسەڵاتی کاردروستە، فەرمانێکە گوێبیستی دەبی، هەواڵێکە لای خواو باوەڕی پێ دێنی، لە گەڵ ئەوەشدا چەند بەڵگەو بورهانی بەهێزی لە خۆ گرتووە کە لە دەروازەی خۆیدا هیچ شتێکی تر نییە ئەوەندەی قورئان بەهێزو متمانەبەخش بێ، ئەوەتە خوای گەورە بە بەهێزترین بەڵگەو سەلماندن باسی باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی دەکات، باسی ڕاستگۆیی پێغەمبەرانی دەکات، بەڵکو لە ڕووی هاوەڵگەڕاندا دەوەستێت و دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ﴾ [البقرة:111]،[النمل:64].

بە نموونە: مەلەسەی پێغەمبەرایەتیی لە گەورەترین مەسەلەکانی بیروباوەڕە، قورئانی پیرۆز ئەوەندەی بەڵگەی بەهێزو بە توانای خستۆتە ڕوو لە سەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکانی کە هەر کەسێك هەرچەندە خاوەن ژیری و سەلیقەی بەهێز بێت ناچار دەبێت ملکەچ بێت لە ئاستیانداو توانای بەرهەڵستی نامنێێت، تەنها مەگەر خۆبەزلزان و ملنەدەر بێت، چونکە بەڕاستی ملنەدان و ملهوڕی سیماو سرووشتی دوژمنانی خوای گەورەیە کە هەمیشە خۆبەزلزان بوون و ملیان بۆ هەق کەچ نەکردووە، وە هیچ پێغەمبەرێکیش نییە خوا ناردبێتی مەگەر دوژمنی هەبووە.

﴿وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً﴾ [الفرقان:31] واتە: [هەر بەو شێوەیەی (کە تۆ ئەی موحەممەد دژایەتی دەکرێیت) بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوژمن و ملۆزممان لە تاوانباران فەراهەم هێناوە] وە هەر پێغەمبەرێك بۆ هەر گەلێك نێردرابێت، گەلەکەی بوون بە دوو کۆمەڵەوە:

کۆمەڵی یەکەم: چینی دەسەڵاتدارو خاوەن پایەو خۆبەزلزان و ملهوڕان، کە لە زاراوەی قورئانیدا ناویان بە (الملأ)هاتووە.
کۆمەڵی دووەم: ئەوانەی کە چەوساوەن، ئەوانیش کە شوێنکەوتەن و لە حاشیەی خەڵکن، وە سرووشتی چینی بەرزیش –خۆ بەگەورە زانەکانی سەرزەوی- ئەوەیە کە کیبرکێ و دوژمنایەتی هەر بانگەوازێکی نوێ دەکەن، بە تایبەت ئەگەر لە چینەکانی خوارەوە دروست بوبێت و گەشەی کردبێ، ئەوانەی کە هیچ ماڵ و سامان و پلەو پایەیەکیان نییە، لە بەر ئەوە وتیان:

﴿لَوْلا نُزِّلَ هَذَا الْقُرْآنُ عَلَى رَجُلٍ مِنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ﴾ [الزخرف:31] [هەروەها بیانوویان گرت و وتیان: ئەوە بۆ ئەم قورئانە دەنەبەزێنرا بۆ سەر پیاوێکی گەورە لە پیاوە گەورەکانی دووشارەکە (مەککە و طائف)چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە خاوەن  ماڵ و سامان و دەوڵەمەندەکان نەبوو، ئیتر بەم جۆرە دژایەتی و بەرهەڵستی پێغەمبەرانیان دەکرد.

بەرهەڵستکاری و بروبیانووەکان کۆنن و هەرلەسەردەمی نوح پێغەمبەرەوە هەبووە، هەموو پێغەمبەرێك بە کۆمەڵێ بەرهەڵستکاریی کۆن و دێرینەوە گەلەکەی بەرەنگاری بونەوە، ئەمیش لە بەرامبەردا بە کۆمەڵێ بەڵگەی ڕۆشن و بەهێز بەڕوویاندا وەستاوە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت باوەڕیان پێ نەهێنێت و باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیەکەیان نەکات، ئیتر لێرەوە باوەڕ بەوە بێنێت کە خوا هەق و ڕاستە، ئەوەتە گەورەترین یاخی بو و ستەمکاری ئەم دنیایە -کەفیرعەون بوو- قورئان بۆمان باس دەکات کە ئەو پێغەمبەرە هەر خۆی و بە تەنها بەرەنگاری بۆتەوە هاتۆتە لای، لە ماڵی خۆیداو لە ژێر چاودێری و ڕیعایەتی خۆیدا گەشەی کردو پەروەردە کرا، نەیدەزانی کە ئەمە باوك و دایك و خوشکی هەیە و خاوەن کەسە، بەڵکو  وایدەزانی دۆزراوەیەکەو لە دەریاوە هاتووەو دۆزیویانەتەوە، پاشان دێت و گەورە دەبێت یەکێك دەکوژێت و ڕا دەکات لە دەستی، ئیتر قەدەری خوا وایە کە هەر ئەو کەسە دێتەوە بۆ لای و داوای عەدالەت و دادپەروەری لێ دەکات، ئەو لێی دەگەڕێ تاکو تۆڵەی لێ بسەنێتەوە، کەچی دەبینێ کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات و داوای ڕزگار بوونی نەوەی ئیسرائیل دەکات لێی.

بە بانگەوازێکی نامۆ و نوێوە دێتە پێشەوە، کە فیرعەن توانای ئەوەی نابێ تەنانەت گوێشی لێ بگرێت و گرنگی پێ بدات، جا ئایا لێرەدا مووسا بانگەوازەکەی تەنها وەك هاوڵ و خەبەرێك دا بە گوێچکەی فیرعەوندا تاکو بیبیستێت و وازی لێ بێنێت؟

نەخێر، بەڵکو پێی وت: ﴿أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُبِينٍ * قَالَ فَأْتِ بِهِ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَادِقِينَ﴾ [الشعراء:31،30] [مووسا وتی: باشە ئەگەر بەڵگەو شتێکی ئاشکرات پیشان بدەم * فیرعەون وتی: ئادەی بزانم چیت پێدەکرێت ئەنجامی بدە ئەگەر ڕاست دەکەیت!!]، مووسا سەڵای خوای لێ بێت دەستی دەرهێناو سپی دەدرەوشانەوە بۆ تەماشاکەران، گۆچانەکەی داناو بووە مارێك و دەڕۆشت، پاشان ئەو بەرەو ڕوو بوونەوەو مونازەرە گەورەیە ڕوو دادەت، کە خوای گەورە دەیەوێت هەرچۆن فیرعەن لە ناو خەڵکیداو بە ئاشکرا بانگەشەی خوایەتی دەکرد ئاوەهاش لە ناو خەڵکیدا ڕیسوای بکات و ئابڕووی بەرێت،

ڕاویژی به دارووده‌سته‌كه‌ی كرد و پێیان وت: ﴿أرْجِهْ وَأَخَاهُ وَابْعَثْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ﴾ [الشعراء:36] [مۆڵه‌تێك بده به مووسا و براكه‌ی، فه‌رمانیش بنێره بۆ كاربه‌ده‌ستانی هه‌موو شاره‌كان تا خه‌ڵكی كۆ بكه‌نه‌وه]، كاره‌كه‌ی زۆر ئاسانه، هیچ نه‌ته‌وه‌یه‌ك نییه به ئه‌ندازه‌ی ئێمه فاڵچی و جادووگه‌ری هه‌بێت، ده‌ی با جادووگه‌ره‌كان هه‌موو كۆ بكه‌ینه‌وه، ئه‌مه‌ش كه حیكمه‌تێك بوو لای خواوه، چونكه ئه‌گه‌ر یه‌كێك بمایه‌ته‌وه ده‌یانوت: جادووگه‌رێك ماوه‌و هه‌موو نه‌هاتوون، بۆیه هه‌موویان هاتن و كه‌سیان به جێ نه‌ما، فیرعه‌ون دووربینی ئه‌وه‌ی كردبوو بۆیه كه‌سیانی به‌جێ نه‌هێشت، هه‌موویان به گشتی هاتن تاكو به گومانی خۆیان ته‌حه‌ددای ئه‌م جادووگه‌ره نوێیه بكه‌ن: ﴿وَقَالُوا يَا أَيُّهَا السَّاحِرُ﴾ [الزخرف:49] مووسا فه‌رمانی پێدان كه ئه‌وان له پێشدا گۆچانه‌كانی خۆیان هه‌ڵبده‌ن، ئیتر كاتێ كه هه‌ڵیاندا مووسا سه‌لامی لێ بێت ترساو پێشبینی ئه‌وه‌ی نه‌كرد كه خوا له‌وێدا وه‌حی بۆ بكات و ئارامی بكاته‌وه، وه پێشبینی ئه‌وه‌شی نه‌كرد كه خوا ده‌ینێرێته كن ئه‌م له سنوور ده‌رچووه زۆردارو ملنه‌ده‌رو خاوه‌ن جه‌به‌روته: ﴿ و أوحينا الي موسي أن ألق عصاك فإذا هي تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ * فَوَقَعَ الْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا يَعْمَلُو نَ﴾ [الأعراف:117،118] [ ئێمه‌ش نیگامان كرد بۆ مووسا كه دارعاساكه‌ت فڕێ بده، جا ده‌ستبه‌جێ (هه‌ر كه فڕێیدا) ئه‌و فڕوفێڵه‌ی كه ده‌یانكرد هه‌مووی هه‌ڵلووشی * ئه‌وسا ئیتر حه‌ق چه‌سپاو ده‌ركه‌وت و پووچه‌ڵیش بووه‌وه ئه‌وه‌ی ئه‌وان ده‌یانكرد] ئه‌و به‌ڵگه‌و نیشانه گه‌ورانه‌ی له‌سه‌ر ده‌ستی مووسا سه‌لامی لێ بێت له‌وێدا ڕوویاندا هیچ كام له‌وانه نه‌یانتوانی ململانێ و ملۆزمی تێدا بكات، نه له جادووگه‌ره‌كان و نه له جه‌ماوه‌ره‌كه‌ش، وه نه له‌و كۆمه‌ڵ خۆبه‌زلزان و گه‌وره‌كانی سه‌رزه‌ی.

ئه‌و ماره دێت و هه‌موو ماره‌كانی ئه‌وان قووت ده‌دات، ئیتر ئه‌و جادووگه‌رانه‌ی كه فیرعه‌ون به تایبه‌ت بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌و شكاندنی مووسا هێنابوونی هێنابوونی، كه واده‌ی پاداشت و نزیكی له خۆیه‌وه پێ دابوون ئه‌گه‌ر هاتوو سه‌كه‌وتن به‌ده‌ست بێن، ئا یه‌وانه یه‌كه‌م كه‌سێك بوون ئیمانیان به مووسا هێنا: ﴿فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ * قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ * رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ﴾ [الشعراء:46-48]. [ئه‌وسا ئیتر هه‌موو جادووگه‌ران، خران به ڕوودا و كڕنووشیان بۆ خودا برد * وتیانك ئێمه باوه‌ڕمان هێناوه به په‌روه‌ردگاری جیهانییه‌كان].

جا چ به‌ڵگه‌یه‌ك له‌مه ڕوون و ڕۆشنتره، چ ئابڕوچونێك هه‌یه سه‌رشۆڕكه‌رترو زه‌لیلتر بێت بۆ دوژمنانی خوا له‌مه‌ی له ناو هه‌موو جه‌ماوه‌ره‌كه‌یدا تووشی

فیرعەن هات، جا هەر پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران بە سەراسیمەو بەڵگەیەك هاتووە تاکو بیسەلمێنێت کە مەسەلەکە تەنها وەحی و گوێبیست بوون نییە بە تەنها، بەڵکو وەحی خۆی بە بەڵگەو بورهانێکی جەدەلی وا هاتووە، کە هیچ موجادەلە چییەك و مونازیرێك ناتوانێت لە ڕوویدا بوەستێت بە هیچ شێوەیەك، وە کەمترینی پێغەمبەرانیش کە سەراسیمەو موعجیزەی بوبێ شوعەیب بووە سەلامی لێ بێت، وە هەر پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران بە بەڵگەو نیشانەیەکی ڕۆشن- بآية بينة- هاتووە-وەك خوا سبحانەوتعالی ناوی ناوە-، خۆ ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیش نەهێنابێ ئەوە نەبێ کە تەحەددای گەلەکەی کردووە کە خوا سبحانەوتعالی بەرگری لێ دەکات لە شەڕو فرت و فێڵیان دەیپارێزێت، ئەمە لە خۆیدا سەراسیمەیە گەورەو بەڵگەیەکی ڕۆشن بووە، ئەگەر گەل و نەتەوەکان تێی بڕوانن و بیری لێ بکەنەوە! ئەمە هەموویان بەڵگەن لەسەر ڕاستی پێغەمبەران، وە هیچ مونازەرە چییەك و موجادەلەکەرێك نەیتوانیوە بە ڕووی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بوەستێت و خوڕاگر بێت، جوولەکە مشتوومڕو گفتوگۆیان لە گەڵ کردووە، کاتێکیش شاندی نەجران هاتن بۆ مەدینە دەستیان کردە گفتوگۆ و مشتوومڕ لە گەڵ پێغەمبەردا، خوای گەورە سەرەتای سورەتی "**آل عمران**" دابەزاندە سەری و ئەویش بەسەریاندا خوێندیەوەو لەوەی کە لەو ئایەتانەدا هاتبوو گفتوگۆی لەگەڵدا کردن، هەروەها هاوەڵگیرانیش زۆر مشتوومڕیان لە گەڵ کردووە، هیچ کام لەمانە نەیانتوانیوە لەبەردەم بەڵگەو موجادەلەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) خۆ ڕاگرن، هەروەها دوای خۆشی هاوەڵەکانی لە بەر هێزو توانای ئیمان و بەهێزی بەڵگەیان، هیچ کەسێك نەیتوانیوە بەڕوویاندا بوەستێت و مشتوومڕو مونازەرەیان لە گەڵ بکات، بەڵکو هەمیشەو لە هەموو هەڵوێستێکدا بەڵگەو نیشانەی ڕۆشن لەبەردەستی ئەواندا بووەو نەیارەکانیان خۆیان بۆ نەگیراوە، لە بەر ئەوە خوای گەورە بەرزو بڵندی کردن و کردنیە خاوەن پلەو پایەی بڵند: بڵندی لە بەڵگەو بورهاندا، بڵندی لە شمشێرو زماندا، جا لێرەوە بێتوانایی موتەکەلیمەکان لە سەلماندنی بەڵگەیەك لەسەر پەروەردگارێتی خوا بێتوانایی خۆیانە، چونکە پەیڕەوی قورئانیان-کە دڵنابوونە- پەرچ دایەوەو لەسەری نەڕۆشتن، شوێن پەیڕەوی فەیلەسووفەکان و یۆنانییە پێشووەکان کەوتن، نەهاتن لە چاووگی قورئانەوە بەڵگەکانیان هەڵێنجن و بەرەو ڕوویان ببنەوە، ویستیان لەهەمان سەرچاوەی ئەوانەوە بەرچیان بدەنەوە، بۆیە لە ئەنجامدا بێتوانا کەوتن.

🌴 بەڵگەی تەمانوعیش: هەندێ لە موتەکەلیمەکان لە بارەیەوە دەڵێن: بەڵگەیەکمان هەیە لەسەر بوونی خوا، هیچ کەسێك ناتوانێت پووچی بکاتەوە کە بەم جۆرەیە: ئەگەر گریمانمان کرد کە بۆ جیهان دوو خوای هاوشێوە هەن، ئەوە هەر دەبێ بۆ هەریەکەیان ئیرادەی سەربەخۆی لەوی دیکەیان هەبێت، یەکێکیان دێت دەیەوێت لاشەیەك یان شتێك بجوڵێنێت، ئەوی دیکەیان دەیەوێت جێگیری بکات و ڕایگرێت و نەجولێ، جا یا بە یەکەوە هەردوو ویستەکە بە جێ دێن کە ئەمەش ڕێگرەو نابێ، چونکە نابێ لاشەیەك لە ساتەوەختێکدا بزاو و نەبزواویش بێت! وە یان هەردوو ویست و ئیرادەکە بە یەکەو بە جێ نایەن کە ئەمەش بەتاڵ و نەگونجاوە، چونکە هیچ لاشەیەك لە جووڵە یان نەجولان –السکون- بە دەر نییە، وە هەروەها ئەگەر هەردوو ویستەکە بە یەکەوە بەتاڵ بوونەوە، ئەوە کەواتە هەردووکیان بێ توانان، کە هەردەبێت ویست و ئیرادەی یەکێکیان بەجێ بێت، و ویستی ئەوی تریان جێبەجێ نەکرێت، جا ئەوەی ویستەکەی هاتە جێ: ئەوە خوای تاك و تەنهایە، ئەوەی تریش خوا نییە، وتیان: ئەمە بەڵگەیەکی ژیرییە لەسەر سەلماندنی بوونی خوا، ئەمەش کۆتای بەڵگەی ژیریی ئەهلی کەلامە لەسەر بوونی خواو لەوە بەهێزتریان نییە، کە بەڕاستی نموونەی ئەم جۆرە بەڵگانە بێئاگایی و نەفامی و هەرزەیی موتەکەلیمەکان و نەفامییان بە خوای گەورە دەخاتە ڕوو، وتیان: ئەمە ئەو بەڵگە ژیرییەیە کە قورئان پێی هاتووە، کە لەڕاستیدا ئەوان لە زاناکانی یۆنان ئەمەیان وەرگرتووە نەك لە قورئان،کە بەم شێوەیە بوونی خوا دەسەلمێنن کە ئێمەی موسڵمان هیچ پێویستمان پێی نییەو بێ نیازنین لە جۆرە بەڵگەیەکی ئاوەها.

وتیان: بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا﴾ [الأنبياء:22] [ئەگەر لە هەردووکیاندا (ئاسمان و زەوی) چەند خوایەکی تر هەبووایە غەیری (اللە)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێك دەچوون بەسەر یەکدا] واتە: ئەگەر زیاتر لە یەك خوا هەبووایە، ئەوە ئەم خوایە دەیویست ئاسمانەکان و زەوی بخاتە جووڵە، وە خواکەی تریش نەیدەویست بجوڵێن، جا یان هەردوو ویستەکە یەك دەگرنەوە، یان هەردووکیان جیاواز دەبن لە یەکتر، وە یان تەنها یەك ویست و ئیرادەیان بە جێ دێت، ئەوەش کە هەیە لەم جیهانی ئەمڕۆدا ویست و ئیرادەی خوایەکی تاك و تەنهایە کە خوایە سبحانەوتعالی.

🌴 دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وەڵامی داونەتەوە بەوەی ئەو تەوحیدەی خوا لەم ئایەتەدا بڕیاری داوە تەوحیدی دروستکردن –توحید الخلق- تەوحیدی پەروەردگارێتی نییە، بەڵکو تەنها مەبەست بە تەوحید لێرەدا: تەوحیدی خوایەتیی-توحیدالألوهیة-ە، هەر ئەم تەوحیدە بووە کە بابەتی جەنگ و هەرای نێوان پێغەمبەران و گەل و نەتەوەکانیان بووە، ئەوەی کە ئەم ئایەتانە هێناویانەو دانیان پێدا ناوە، مەبەست سەلماندنی یەك دروستکەر بۆ ئەم بونەوەرە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو یەکێکی تر جگە لە خوا پەرسترا، ئەوە ئاشووب و خراپەو فەساد دێتە جێ، چونکە پەرستراو هەر یەکێکە کە خوای گەورەیە.

تەنها یەك پەرستراو لە ئاسمان هەیە کە خوای گەورەیە -تبارك و تعالی- وە هیچ فەسادو نارێکییەك لە ئاسماندا نییە بە هیچ جۆرێك، لەوێدا فریشتەکان هەن کە شەو و ڕۆژ بێ وەستان بەندایەتی و پاك و بێگەردی خوا دەکەن و پچڕان و ماندووبوونیان نییە، کەواتە هیچ فەسادو نارێکییەك لە ئاسمانەکاندا نییە، چونکە پەرستراو لە ئاسمانەکان هەر یەکێکە﴿وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاءِ إِلَهٌ وَفِي الْأَرْضِ إِلَه﴾ [الزخرف:84] واتە: هەر ئەوە کە لە ئاسماندا پەرستراوەو لەسەر زەویشدا پەرستراوە، ئەوەی ئاسمانەکان دیارو بەرچاوە کە هەر خوای گەورە بە تەنها پەرستراوە تێایدا، وەك پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: {أطت السماء وحق لها أن تئط، ما فيها موضع شبر إلا وفيها ملك ساجد أو راكع أو قائم} (1) بۆیە هەرچی ناتەواوی و نارێکی هەیە لێیان بە دوورە، بۆیە کاتێك خوا –سبحانەوتعالی- بڕیاری دا کە جێنشینێك لەسەر زەوی دانێت، فریشتەکان وتیان: ﴿ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ﴾ [البقرة:30] لە بەر ئەوە فەرمووی: ﴿أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنْشِرُونَ لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ﴾[الأنبياء:22،21] خوای گەورە باس دەکات کە ئەوانە لە زەویدا خوایان بۆ خۆیان بڕیار داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئاسمان فریشتە نزیکەکان لە خوا زیاتر کەسی تریان نەپەرستووە، وە هیچ خوایەکی دیکەیان جگە لەو بڕیار نەداوە، ڕێك و پێکی و کاردانیی ئاسمان ڕوون و ئاشکرایە، هەروەها شوێنێکیش لە زەویدا تەنهاخوای تێدا دەپەرسترێت و هاوبەشی بۆ بڕیار نادرێت، چاکی و ڕێك و پێکی تێدا دیارو بەرچاوە، بەڵام ئەو شوێنەی لەگەڵ خوادا شتانی تر دەپەرسترێن و بەندایەتیان بۆ دەکرێت، ئەوە گەورەترین و مەترسیدارترین خراپەو نارێکی تێدا دێتە جێ کە شیرك و هاوەڵگیرییە.

لەمەوە زانرا کە هەریەك لە تەوحیدی پەروەردگارێتی و تەوحیدی خوایەتی خوازیارو پەیوەستی یەکترن.

ئەوەش کە دەستوورو یاسای بوونەوە بۆیە ڕێك و بێ هەڵەیەو تێك نەچووە چونکە لەدروستکردنی تاکە خوایەکە، ئەمە هەق و ڕاستە، بەڵام هەموو هەقەکە ئەمە نییە، بەڵکو مەبەست تەنها لە پەیوەستکردن و بەستنەوەی ئەم هەقەیە بە گرنگترەوە لە خۆی کە لایەنی خوایەتییە.

ئەگەر خوا بە تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و بێ هاوتا پەرسترا، ئەوە حاڵ و ئەحواڵ هەموو چاك و ڕێك و پێك دەبێت، چونکە هەر ئەوە بە تەنها یاساو ڕێسای بوونەوەر ڕێك دەخات، بەڵام ئەوەی بەڕووی خاوەنەکەیدا دەوەستێت و بەندایەتی کەسێکی تر دەکات ئەوکاتە ئیتر فەسادو ئاشووب و لەسەر زەویدا دروست دەبێت.

مرۆڤی باوەڕدار لەگەل بوونەوەرو گشت دروستکراوەکان هەماهەنگ و گونجاوە، چونکە هەست ئەکات کە هەموو خوا دەپەرستن، هەموویان بەندەی خوان، هەموو شتێك پاك و بێگەردی خوا دەردەبڕێت و گوزارش لە تاك و تەنهایی خاوەنەکەی دەکات، هەموو شتێك کڕنووش بۆ پەروەردگاری دەبات﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ﴾ [الإسراء:44] [هیچ شتێك نییە لەم بوونەوەرەدا کە تەسبیحات و سوپاس و ستایشی ئەو زاتە نەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێ ناگەن]، ئەوەتە پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: أحد : {جبل يحبنا ونحبه}**(2)** [(ئوحود) کێوێکە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت].

پەیوەندی و هەماهەنگیی خۆشەویستیی لە نێوان ئێمەو دروستکراوەکانی خوادا هەیە، ئێمە هەست ئەکەین کە شتێك هەیە بە یەکمانەوە دەبەستێتەوە، ئەویش کە: بەندایەتیمانە بۆ خوای عزوجل، بەڵام دوژمنانی خواو خۆبەزلزانان تەنها بە چاوی دژایەتییەوە ئەڕواننە دروستکراوەکانی بوونەوەر، بۆیە ئەوروپا هەر لەو سەردەمەوە کە ناو دەبرێت بە "چاخی ڕاپەڕین" تا ئەمرۆ، بۆتە زاراوە لایان کە ئەنجامدانی هەر کارێك یان دۆزینەوەیەکی زانستی ناو گەردوون بە "زاڵبوونی بەسەر سرووشت"دا ناو بنێن، ئەگەر جادەیەك یان تونێکلێکیان لە شاخێکدا لێ دا دەڵێن: پێشتی سرووشتمان شکاندو زاڵ بووین بەسەریدا، ئیتر مەسەلەکە زاڵبوونو دژایەتی

و ململانێییە، بەڵام باوەڕدار متمانەو ئیمانی بەوە هەیە کە خوای گەورە ئەو شتانەی بۆ پێمل کردووەو لە خزمەتیدان، ئەگەر شتێکی لەوانە ئەنجامدا دەڵێت: ئەمە لە فەزڵی خواوەیە سبحانەو تعالی، ئەمە لە پێملکردنی خواوەیە، ئەمەیە تەوحیدی خوایەتی کە لە ناواخنیدا تەوحیدی پەروەردگارێتی لە خۆگرتووە، هەردوو تەوحیدەکە پەیوەستی یەکترن.

## تەوحیدی خوایەتی لە خۆگری تەوحیدی پەروەردگارێتیشە.

ئەو تەوحیدەی پێغەمبەران پێی هاتون بریتییە لە تەوحیدی خوایەتی (توحيد الألوهية)، هەرچییەك لە قورئاندا یان لە بانگەوازی پێغەمبەراندا لە تەوحیدی پەروەردگارێتی هاتووە و باس کراوە، ئەوە بۆ ئەوەیە تاکو بناغەو پابەندبوون بێت بە تەوحیدی خوایەتییەوە، عەرەبەکانیش بەم شێوە بوون –وەك دانەر باسی کردووە- لەسەردەمی نەفامیدا دانیان دەنا بەوەدا کە خوا تەنهایەو هاوەڵی نییە، ئەو خوایەیە ئاسمانەکان و زەوی هێناوەتە بوون، هەر ئەوە کارەکان ڕێك دەخات، بەڵام لەبەر چەند بانگەشەو پاساوێکی تر چەند خوایەکر تریشیان لەگەڵیدا دادەنا، تاکو ئەم خوایانە لە خوا نزیکیان بکاتەوە، تاکو ئەم خوا بچووکانە ببنە نێوەندن لە نێوان ئێمەو خوای هەرەگەورەدا، هەروەك لە کاتی بەپیرەوەهاتنیان بۆ حەج دەیانگوت: (لبيك لا شريك لك، إلا شريكاً هو لك، تملكه وما ملك) واتە: خوایە بە دەمتەوە هاتین و هیچ هاوەڵێکت نییە، تەنها هاوەڵێك نەبێت کە ئەویش هی خۆتە، خۆی و هەرچیشی هەیە تۆ خاوەنیتی و هی تۆیە)، بەم شێوەیە شیرك و هاوەڵگیری لە گەل و نەتەوەکاندا بە هۆی بەگەورەگرتنی جگە لە خواوە شوێنی خۆی کردەوەو هاتە ناویانەوە، با مەبەستیش بەندایەتی بوبێت بۆ خوا، هەر کەسێك ئەگەر وەك چۆن خوا بە گەورەو پیرۆز دەگریت ئەویشت بەو ئەندازەیە گەورەو پیرۆز ڕاگرت، ئەوە لەگەڵ خوادا هاوەڵت بڕیار داوە، با لە ئەسڵ و بناغەشدا نییەت و مەبەستت ساغ بێت.

خوای گەورە گشت دورستکراوەکانی خۆی لەسەر حەنیفیەت و ئاییني پاك و بێگەردی تەوحید دروست کردووە، وەك لە فەرموودەی قودسیدا لە سەحیحی موسلیم لە (عیاض بن حمار)وە دەفەرموێت: {وإني خلقت عبادي حنفاء فاجتالتهم الشياطين}(3) [من بەندەکانم بە حەنیفی ( بێگەردو دوور لە هاوەڵگیریی) دروست کردووەو ئیتر شەیتانەکان ....] هەروەك ئیبن عەبباس لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ

وَمُنْذِرِين ﴾ [البقرة:213] فەرموویەتی: [فبقوا علَى الحنيفية عشرة قرون،](4) [ (لە دوای ئادەمەوە خەڵکی) دە سەدە لەسەر حەنیفییەت (ئایینی تەوحید) مانەوە]تەقدیری ئایەتەکە ئەوەیە کە: خەڵکی لەسەرەتادا هەموو لەسەر ئایینی یەکخواپەرستی بوون پاشان جیاوازییان تێ کەوت.

وە هیچ پێغەمبەرێك نەنێردرا پێش ئەوەی مرۆڤەکان جیاوازییان تێ بکەوێت، بەڵکو تەنها خوایان دەپەرست، هەتا گەلی نوح دەرکەوتن و شیرك و هاوەڵگیریی لە ناویاندا پەیدا بوو، لە ناو گەلی گەلی نوحدا چەند کەسێکی پیاچاك و خواناس و بۆ خوا گونجاو هەبوون، بەردەوام لە یادو بەندایەتی خوادا بوون، ئەوانیش کە [وەدد، سواع، یەغوس، ئەعوق، نەسرا] بوون، کە پیاوچاکاو بو خوا سوڵحاو بوون، جا کاتێك ئەوان مردن؛ شەیتان هات و کەوتە گەمەکردن بە بیروهۆشی گەلەکەیان و وتی: ئەوانە پیاوچاك و خواناس و بۆ خواگونجاو بوون و کاتێ زیندوو بوون هەمیشە خوایان بیری ئێوە دێنایەوە، ئەوەتە ئەمڕۆ مردوون، جا ئێوە وێنەیان بکێشن و پەیکەریان بۆ دروست بکەن تاکو بە هۆی وێنەو پەیکەری ئەوانەوە یادی بەندایەتی خواتان بێتەوە، بەو شێوەیە ئێوەش هەروەك ئەوان خواپەرستی دەکەن و لە خوا نزیك دەبنەوە... ئەمانش بە گوێی شەیتانیان کردو کەوتنە وێنە بۆ کێشانیان و پەیکەریان بۆ دروست کردن، هەر کاتێك وێنەکانیان ببینیایە یەکسەر ئەوانیان بیر دەهاتەوەو لە تاوان دەکشانەوە، پاشان علیم و زانست نەماو چەند نەوەیەکی دی هاتن و بیریان چۆوە کە ئەوانە پەرستراو نین و تەنها بۆ یادخستنەوەی خوا وێنەو پەیکەریان بۆ کێشراوە، باوك و باپیرانیان دەبینی ئەهاتن بۆ لای ئەم پەیکەرانەو لای ئەوان لە خوا دەپاڕانەوەو هەر لە منداڵییەوە ئەم وێنەیە لەبیرو هۆش و زەینیاندا چەسپاو ڕەگی داکوتابوو، ئیتر وایان لێ هات لە جیاتی خوا-سبحانەوتعالی- هاواریان لەمانە دەکردو لێیان دەپاڕانەوە، کاتێکش خوا سبحانەوتعالی نوح پێغەمبەری بۆ ناردن گەلەکەی هەموو ئەم پیاوچاکانەیان دەپەرست و لە جیاتی خوا هاواریان لێ دەکردن، ئەوەبوو ئەوە ڕووی دا کە لە نێوان ئەو و گەلەکەیدا ڕووی دا، خوا هەموویانی نوقم کردو لە ناوی بردن و تەفروتونای کردن، کۆمەڵێکی کەم نەبێت باوەڕیان پێ نەهێنا، جارێکی تر یەکخواپەرستی هاتەوە-کە ئەمە ئەساو بنچینەیە- بۆ سەرزەوی، هاوەڵگیریی کۆتایی پێ هات و لە ناو چوو، بێباوەڕان هەروەك نوح سەلامی لێ بێت دوعای لێ کردن دوابڕاو بوون کەسیان نەما، بەو جۆرە هیچ ماڵ و شوێن و جێگەیەکیان نەما، ئیتر سەرلەنوێ تەوحیدو خواپەرستی سەری هەڵدایەوە، بەڵام شەیتانیش سەرلەنوێ پەیدا بۆوەو هاتەوە، شیرك و بتەکان سەرلەنوێ گەڕانەوە، بە جۆرێك کاتێك کە پێغەمبەر (صلی الله

علیه وسلم) بە هەق و ڕاستی نێردرا هەمان ناوی ئەو پیاچاکانەی گەلی نوح کرابوونە بت و بە هەمان ناوەوە دەپەرستران، ئەوانەی کە لە کاتی نوح دا بوون، پاش ئەو هەموو ماوە درێژەی کە تەنها خوا –سبحانەوتعالی- خۆی دەزانێت چەندە، لەگەڵ ئەوەشدا –چونکە شەیتان هەر یەکێکەوە یەك مەبەستی هەیە- ئەو بتانە وەك ئیبن عەبباس ڕەزای خوای لێ بێت لە سەحیحی بوخاریدا تەفسیری کردووە، بە خودی خۆیانەوە هێنرانەوە ناو خەڵکی و جگە لە خوا دەپەرستران، هەر تیرەیەکی عەرەب بتێك لەو بتانە کە لە ئەسڵ و بنچینەدا ناوی پیاوچاکێکی گەلی نوح بوو بە ناونیشانی خوایەك دەپەرست، وە لەوەو پێش باسمان لەوە کرد کە: چۆن شیرك و هاوەڵگیری هاتۆتە ناو وڵاتی عەرەبەوە؟ ئەو کەسەی دوای یەکخواپەرستی بناغەی شیرکی لە نیوە دوورگەی عەرەبی دانا عەمری کوڕی لەحی خوزاعی بوو، ئایینی ئیبراهیمی گۆڕی، هۆی هێنانی ئەم بتانەش چاولێکەری و لاساییکردنەوەی ژیاری گەل و نەتەوەکانی تر بووە، ئەم پیاوە بە گەشتێك بەرەو شام بەڕێکەوت، بینی وا خەڵکی ئەوێ پەیکەریان بۆ بتەکانیان ڕازاندۆتەوەو دەیانپەرستن، ئیتر ئەویش هەندێ لەو بتانەی ئەوێی هێناو لە کن ماڵی خوادا (بیت الحرام) داینان، ئەو ماڵەی کە یەکەم ماڵێك بوو خوا گێڕای بە شوێنی یەکخواپەرستی، ئەو هات و بتی تێدا داناو بناغەی شیرکی دەمەزراند، ئیتر پاشان پەرستران و مانەوەو قوڕەیشیەکان نەوە لە پاش نەوە ئەم بتانەیان بۆ دەمایەوە، بەم شێوەیە حاڵی مەککە بەردەوام بوو تاکو پێغەمبەری نەخوێندەوار (موحەممەد صلی اللە علیە وسلم) هات و بانگەوازی ئیبراهیمی زیندوو کردەوەو شیرك و هاوەڵگیری بۆ هەتا هەتایە تەفروتونا کرد.

ئیتر شیرك و هاوەڵگیری وەك لە خوایەتی (ئولوهییەت) هەبوو، لە پەروەردگاریێتی (ڕبوبییەت)دا ڕووی نەدابوو، ئەوانە باوڕیان بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی هەبوو، وە هۆی شیرك و هاوەڵگیریش بریتی بوو لە: بە گەورەگرتن و پیرۆزڕاگرتنی جگە لە خوا –عزوجل- بە تایبەت وێنەو پەیکەر.

لەبەر ئەوە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ئەو فەرموودانەی لەم بارەو هەروەها نەهێشتن و سڕینەوەی وێنە، لەگەڵ تەختکردنی گۆڕەکان لەگەڵ زەویدا هێناوەو باسی کردووە، چونکە ڕێگەخۆشکەرو پاساوون بۆ بەندایەتیی جگە لە خواو کەوتنە ناو شیرکەوە.

## مەبەست بە تەوحیدی پەروەردگارێتی تەنها بەڵگەهێنان و پابەند بوونە بە تەوحیدی خوایەتییەوە.

درێژبوونەوە بۆ ئەم بابەتە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕوانیویەتی کە ئەم تەوحیدە لە خودی خۆیدا داواکراو نییە، بەڵکو کە لە قورئاندا هاتووە تەنها مەبەست پێی ئەوەیە کە بەڵگەی پێ بهێنرێتەوەو هاوەڵگیرانی پێ پابەندو ئیلزام بکرێت.

ئەوانەش وای دادەنێن کە تەوحیدی پەروەردگارێتی لە خودی خۆیدا داواکراوبێت و ئەوە مەبەست بێت لە بەندایەتیدا وەك هەندێك لە گومڕایان و سۆفییەکان و هەندێك لە زانایانی کەلام ئەوە لەسەر هەڵەیەکی گەورەن، سۆفییەکان لافی ئەوە لێ دەدەن کە کۆتا مەبەستی یەکخواپەرستی ئەوەیە باوەڕت ببێت کە هیچ کەسێك لەم بوونەدا کاریگەریی نییە تەنها خوا نەبێت سبحانەوتعالی، وە خاوەنی جوهرة التوحید کە کۆمەڵە هۆنراوەیەکن لە عەقیدەی ئەشعەرییدا دانراون دەڵێت:

والفعل في التأثير ليس إلا — للواحد القهار جل وعلا

ومن يقل بالقوة المودعــةِ — فذاك بــدعي فلا تلتفتِ

ومن يقل بالطبع أو بالعلة — فذاك كفـــر عند أهل الملة

تەوحید ئەوەیە کە: مرۆڤ باوەڕی ببێت هیچ کاریگەرێك(مؤثر) یان هیچ بکەرێك(فاعل) لە بوونەوەردا نییە خوا نەبێت –سبحانەوتعالی-، ئیتر ئەم کەسە ئەگەر هاواریشی لە جگە لە خواکرد، سەربڕینی بۆ جگە لە خوا بوو، یان هەر جۆرێك لە جۆرەکانی بەندایەتی بۆ جگە لە خوا ئەنجام دا، وە ئەم هاوارلێکراوە یان ئومێدلێکراوە یان پەرستراوەش کە جگە لە خوا هاواری لێ دەکات فریشتەیەك یان پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێك بوو، هیچ نییە تەنها نێوەندو هۆکارو تکاکارێك نەبێت، وە کاریگەرو بکەری بکەری حەقیقی هەر خوایە، ئەمە لای ئەوان پێی ناوترێت شیرك، وە هەر کەسێکیش وتی: موشریکە ئەوە دەکەونە سەروگیانی و دەڵێن ئەمە موسڵمانانی کافر کردووەو لە خەواریجەکانەو تا کۆتایی ئەم قسانەی کە دەیڵێن!

کرۆکی تەوحید و کۆتا مەبەستی گەیشتن بە تەوحید لای ئەوان ئەوەیە کە مرۆڤ ئەوەندە لە پلەکانی تەوحیددا بەرز بێتەوە تا وای لێ دێت -وەك ئەوان دەڵێن- باوەڕی وا بێت کە هیچ کەسێك لەم جیهانەدا کاریگەریی نییە تەنها خوا نەبێت (لا تأثير فيه لأحد إلا الله)، وە هەرچییەك کارو کردەوە دەکرێت لەم جیهانەدا هەمووی زاتی خوا خۆی ئەنجامیان ئەدات.

ئێمەش بە بەڵگەی بڕەری ڕۆشن لە کیتابی خواو سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەلامیان دەدەینەوە، هەروەها بەو بەڵگە دڵنیابەخشانەش کە هەموو موسڵمانێك لە دەروونی خۆیدا دەیبینێتەوە، ئەویش کە: هاوەڵگیرانی سەردەمی نەفامی باوەڕیان نەبوو کە جگە لە خوا کەسێکی تر کاریگەریی هەیە لەم دنیایەدا، باوەڕیان نەبوو کەسێکی تری جگە لە خوا بتوانێت دروست بکات یان ڕۆزی بدات.

ئائەمە بیروباوەڕی نەفامەکان و ئەوانە بوون کە خواکانی تریان لە خواری خواوە دەپەرست و هەریەکە لە-لات و عوززاو مەنات و هوبەل و وەددو سواع و یەغوس و یەعوق و نەسرا- یان دەپەرست و بە هەموو شێوەیەك گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بوون، باوەڕیان وانەبوو کە ئەمانە توانای ڕۆزی دان و دروستکردن و مردنیان هەبێ، بەڵکوو تەنها وەك نێوەندو هۆکاری نزیکبوونەوە بۆ لای خوا دەیانپەرستن و هیچی تر: ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ﴾ [الزمر:43] ئەوانە لە کاتی بە پیرەوەهاتنی حەجدا دەیانگوت: "لبيك لا شريك لك إلا شريكاً هو لك، تملكه وما ملك".

جا ئەوانە هیچ کاریگەریی و دەسەڵات و کارێکیان بۆ جگە لە خوا بڕیار نەدابوو، وە هیچ کام لە کافرەکانی قورەیش باوەڕی نەبووە کە لات یان هوبەل ئەم شاخ و داخانەی چواردەوری مەککەی دروستکردووە، یان یەکێك لە سەران و دەمڕاستانی مەککەی وەك قوسەی یان عبدالموتەلیب ی دروست کردووە.

کەواتە پێیان دەڵێین: ئێوە دەتانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ هەمان چاوگ و سەرچاوەی شیرکی کۆن، بۆ حەقیقەت و کرۆکی شیرك و هاوەڵگیری کۆن، ئێوە دەڵێن: ئەو هاوەڵگیرانەی بانگەشەی ئیسلام دەکەن -بە نموونە- باوەڕیان وایە کە هیچ کاریگەرێك نییە تەنها خوا نەبێت سبحانه وتعالی.

## قورئان پڕیەتی لەبەڵگە لەسەر لەسەر تەوحیدی پەروەردگارێتیی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

[والقرآن مملوء من تقرير هذا التوحيد وبيانه وضرب الأمثال له. ومن ذلك أنه يقرر توحيد الربوبية، ويبين أنه لا خالق إلا الله، وأن ذلك مستلزم أن لا يعبد إلا الله، فيجعل الأول دليلاً علَى الثاني، إذ كانوا يسلمون الأول، وينازعون في الثاني، فيبين لهم – سبحانه– أنكم إذا كنتم تعلمون أنه لا خالق إلا الله، وأنه هو الذي يأتي العباد بما ينفعهم، ويدفع عنهم ما يضرهم، لا شريك له في ذلك، فلم تعبدون غيره وتجعلون معه آلهة أخرى؟

كقوله تعالى: ﴿قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ * أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ [النمل:59، 60].

يقول الله تَعَالَى في آخر كل آية: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ أي: أإله مع الله فعل هذا؟

وهذا استفهام إنكار، يتضمن نفي ذلك، وهم كانوا مقرين بأنه لم يفعل ذلك غير الله، فاحتج عليهم بذلك، وليس المعنى استفهام: هل مع الله إله؟ –كما ظنه بعضهم– لأن هذا المعنى لا يناسب سياق الكلام، والقوم كانوا يجعلون مع الله آلهة أخرى كما قال تعالى: ﴿أَإِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُلْ لا أَشْهَدُ﴾ [الأنعام:19].

وكانوا يقولون: ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ [ص:5].

لكنهم ما كانوا يقولون: إن معه إلهاً ﴿جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَاراً وَجَعَلَ خِلالَهَا أَنْهَاراً وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزاً﴾ [النمل:61] بل هم مقرون بأن الله وحده فعل هذا وهكذا سائر الآيات.

وكذلك قوله تعالى: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة:21].

وكذلك قوله في سورة الأنعام: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُمْ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ﴾ [الأنعام:46] وأمثال ذلك] اهـ.

واتە: [وە قورئانیش پڕیەتی لە بڕیاردانی ئەم تەوحیدەو ڕوونکردنەوەی و هێنانەوەی نموونە بۆی، لەوانەش بڕیاری تەوحیدی پەروەردگارێتی ئەدات و ڕوونی ئەکاتەوە کە هیچ دروستکەرو بەدیهێنەرێك نییە خوا نەبێت، ئەمەش ئەوە بە پێویست دەگرێت کە جگە لە خوا هیچ کەسێکی تر نەپەرسترێت و بەندایەتی بۆ هیچ کەسێکی تر نەکرێت، جا یەکەم(تەوحیدی پەروەردگارێتی) ئەکاتە بەڵگە بۆ دووەم(تەوحیدی خوایەتی)، چونکە ئەوان یەکەمیان دەسەلماندو باوەڕیان پێی بوو، بەڵام ملیان بۆ دووەم نەدەداو نەیاندەسەلماند، ئیتر خوای گەورە -سبحانەوتعالی- بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەگەر ئێوە دەزانن هیچ دروستکەرێك نییە جگە لە خوا نەبێت، وە هەر ئەو

زاتەیە دەتوانێت چی سوودی بۆ بەندەکان هەیە بۆیان دەستەبەر بکات، ئەوەش زیانی هەیە لێیان لا بدات، هیچ هاوبەشێکی نییە لەوەدا، دەی ئیتر بۆچی جگە لەو دەپەرستن و چەند خوایەکی تری لە گەڵدا دادەنێت؟

وەك فەرمووودەی خوا کە دەفەرمویێت: ﴿قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ * أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ [النمل:59، 60].

خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرمویێت: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ واتە: ئایا خوایەکی تر لەگەڵ خوادا ئەمەی کردووە؟

وە ئەمەش پرسیاری ئینکارییە، نەفیکردنی ئەوە لە خۆ دەگرێت، وە ئەوان دانیان بەوەدا نابوو کە جگە لە خوا کەسی تر ئەو کارانە ناکات، خوای گەورەش بەمە بەڵگەی لەسەر دانان، ماناکەی –وەك هەندێك گومانیان وایە-پرسیار نییە لەوەی کە: ئایا لە گەڵ خوادا خوایەك هەیە؟ چونکە ئەم مانایە لەگەڵ سیاق و هێنانی قسەکەدا پێك نایەتەوە، حاڵی ئەو گەلە وابوو کە لەگەڵ خوادا چەند خوای تریان بریار ئەداو باوەڕیان پێی بوو وەك خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿أَإِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُلْ لَا أَشْهَدُ﴾ [الأنعام:19].

(بە پێغەمبەریان) دەگوت: ﴿أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهاً وَاحِداً إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ﴾ [ص:5].

بەڵام نەیاندەگوت (لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و کارەکانی دیکەدا) خوای تری لەگەڵدایە، لەسەرجەم ئایەتەکانی قورئاندا بە ڕوونی ئەوە خراوەتە ڕوو، کە ئەوانە دانیان دەنا بەوەدا کە تەنها خوا ئەو کارانە دەکات و خوایەکی دیکەی لەگەڵدا نییە: ﴿جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَاراً وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَاراً وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزاً﴾ [النمل:61]

وە هەروەها فەرموودەی خوا: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة:21].

هەروەها لە سوورەتی (الانعام)دا کە دەفەرمویێت: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُمْ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ﴾ [الأنعام:46] ] اهـ.

## شەرح و ڕاقەکردن:

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ڕوونی دەکاتەوە کە قورئانی پیرۆز پڕیەتی لە باسکردن و بڕیاردانی تەوحیدی پەروەردگاریێتی، کە هەر تەنها خوا –سبحانەوتعالی- بەدیهێنەرو ڕۆزیدەرو مرێنەرو ژیێنەرو زیان وسوود گەیەنەرە، ئەو زاتەی کە کارەکان ڕێك دەخات، ئەوەی دێ بە هاواری لێ قەوماوو هاوارکەرەوە، دێ بە هانای زۆر بۆ هاتووەوە، زەرەرو زیان هەڵدەگرێ لەسەر کەسێك کە لیی بپاڕێتەوەو داوای لێ بکات، وە جگە لەمانەش لە تایبەتمەندییەکانی پەورەردگاریێتی، لەوانە کە زانینی غەیبی ڕەهاو بێ سنوور هەر تەنها لای خوایە، وە لەوانە: بە مافی یاسادانان بۆ مرۆڤەکان لە ئایین و بەرژەوەندییەکانی دنیادا لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە، شتانی تری زۆریش کە پێویستی ئەم تەوحیدەن بەڵکو لە داهاتودا بێتە ڕێمان ان شاء الله.

قورئان پڕیەتی لە باسکردنی ئەم تەوحیدە بەڵام نەك بە تەنهاو بەجیا، وە نەك لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەك کارێکی تازە دانی پێدا بنێت، بەڵکو بە هاوەڵگیران دەڵێت: ئا ئەوەی ئێوە باوەڕتان پێیەتی و دانی پێدا دەنێن، پێویستی دەکات لەسەرتان کە ئێوە دان بنێن بەو شتانەی تێیدا لە کێشمەکێشم و ناکوکیدان، موشریکەکان ململانێ و کێشەیان لەسەر ئەوە بوو کە باوەڕیان نەبوو کە تەنها هەر خوا پەرستراو بێت، وە هەر ئەو بە تەنها هاوارلێکراو و ئومێدپێکراو بێت، ترس و ئومێد تەنها هەر لەو زاتە بێت، جەنگی نێوان ئەمان و پێغەمبەرەکانیان لەم تەورەیەدا خۆی دەبینییەوە.

هاوەڵگیران و خاوەنانی کتێب باوەڕیان وابوو کە جگە لە خوا دەسەڵاتێکی تریش هەیە حەلاڵ و حەرام بکات، خوای گەورە دەیانگرێت و ئیلزامیان دەکات بەوەی کە تەنها هەر خۆی بوونەوەرو مرۆڤی دروست کردووە و هەر تەنها خۆشیەتی یاساو شەریعەتیان بۆ دادەنێ، وە هەر تەنها ئەویشە کە پێویستە لەسەر بەندەکان گەردن کەچ و گوێڕایەڵی بن، نابێت هیچ کەسێکی جگە لەو بکرێتە خواو پەرستشی بۆ بکرێت، وەك ڕوو بە خاوەنانی کتێب کە هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن لە شەریعەت و یاسادانانیدا دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَاباً مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾ [التوبة:31] [(گاورو جوو) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەلاڵ یان حەرام دەکەن)]،وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ...﴾ تاکو دەفەرموێت: ﴿فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ..﴾ پاشان دەفەرموێت: ﴿لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ..﴾ [الشورى:10-12] (5)

وە ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی هێناوەت بوون و خۆرسکی کردوون، دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی بە دەستە، هەر ئەو زاتەیە بە تەنها مافی ئەوەی هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا یاساو دەستوور دابنێت، شوێن شەرع و یاسایەکەی بکەوین فەرمانەکانی گوێرایەڵی بکرێن.

لە پەڕاوی خوادا زۆرێك لەو ئایەتانە هەن کە ئەم مانایەنە بیر بێننەوە پاشان و بیبەستننەوە بە تەوحیدی خوایەتییەوە، لەوانەش ئەم ئایەتانەی لە سورەتی (النمل)دان، خوای متعال دەفەرموێت: ﴿قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [النمل:59].

پاشان پێنج ئایەت دێنێت کە هەر یەکەیەن بە: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ کۆتاییان دێت،... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ﴾ [النمل:60] تاکو دەفەرموێت: ﴿أَمَّنْ يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُمْ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ﴾ [النمل:64]. (6)

لەم سوورەتەدا پاش ئەوەی باس لە گەلی فیرعەون دەکات کە چۆن پێغەمبەر مووسایان بە درۆ دەزانیّ و کوفری جحوود و نکوولیان هەبوو: ﴿وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا﴾ [النمل:14] پاش ئەوەی باسی باوەڕنەهێنانی گەلی سەبەء و چیرۆکی خەڵکی یەمەن دەکات –ئەوانەی کە پاشاکەیان بەلقیس بوو لە گەڵ سولەیماندا بوو سەلامی لێ بێت- پاشان هاتنە ناو ئایینی خواوە، وە پاش ئەوەی باسی بە درۆزانینی گەلی سەموود ئەکات بۆ پێغەمبەرەکەیان، پاشان باس لە گەڵی لووت و لە ناوبردنیان دەکات، ئەم ئایەتانە پاش بەسەرهات و لەناوبردنی ئەوان دێن، جا لێرەوە دەزانین کە بابەتەکە هەمووی بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەوەیە کە هەر تەنها خوا پەرستراوە، هەر خۆی گوێرایەڵ و ملکەچ بۆ کراوە، وە دروست نییە کە هیچێك لە گوێرایەڵی و بەندایەتی و نزیك بوونەوە بۆ جگە لەو زاتە لە هیچ کەسێکی تر بکرێت و بکرێتە هاوەڵ و هاوبەشی -سبحانەوتعالی-.

ئەم نموونانەیان بۆ دێنێتەوە و بۆیان ڕوون دەکاتەوە: ئێوە کە دەڵێن: هیچ کەسێك ئاسمانەکان و زەوی دروست نەکردووە خوا نەبێت، وە هیچ کەسێك باران لە ئاسمانەوە نابارێنێت و ئەم هەموو گژو گیاو چیمەن و باخچە جوانانە زیندوو ناکاتەوە خوا نەبێت، ئێوە کە باوەڕتان بە هەموو ئەمانە هەیە، ئیتر خوای گەورە پاش ئەوانە وەك پرسیارێکی ئینکاریی لەسەریان

دەفەرموێت: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ واتە: ئایا هیچ خوایە لەگەڵ خوادادا ئەم کارانەی کردووە، تاکو بیپەرستن لەگەڵ خواداو بیکەنە هاوەڵ و هاوبەشی خوا، چونکە ئەگەر خوایەکی تر جگە لەو بەشداری لە دروستکردن و هێنانەبوونی ئەم کارانەدا کردووە، ئەوە دروستە بیپەرستن و بەندایەتی بۆ بکەن، بەڵام ئەگەر ئێوە دان ئەنێن بەوەدا کە هەر تەنها خۆی: تاکە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا، وە تەنهایە لەوەی کە زەوی کردۆتە جێگەی ژیان و سرەوتن، ڕووبارو کانیاوی تێدا داناوە، شاخەکانی بۆ داناوەو لە نێوان دوو دەریادا نێوەندو پەردەی داناوە، وە هەر ئەوە بە تەنها کە لە تاریکاییەکانی دەریاو وشکانیدا هیدایەت دەدات و ڕێ ڕۆشن دەکاتەوە، وە هەر ئەوە زەرەرو زیان لەسەر ئەو کەسە لادەبات کە هاواری لێ دەکات، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە هەموو ئەمانە هەیە، دەی لەسەرتان بە پێویست دەگەڕێت کە تەنها هەر ئەویش بپەرستن و بەندایەتیتان هەر بۆ ئەو زاتە بێت، هیچ کەسێکی تر جگە لەو نەپەرستن، هاوارو پاڕانەوەتان، نوێژتان، سەربڕینتان، نەزرتان، بۆ هیچ کەسێکی تر نەبێت جگە لە خوای تاک و تەنهاو بێ هاوتا.

* لێکدانەوەی درووست بۆ فەرموودەی خوای گەورە ((أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ ))

دانەر دەفەرموێت: کارەکە بەو شێوەیە نییە کە هەندێ لە ڕاقەکەرانی ئایەتەکە تێیدا کەوتونە هەڵەوە کە سیاقی ئایەتەکە لەوێدا کۆتایی هاتووە، وەك ئەوەی مانای فەرموودەکە: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ ئەوە بێت کە ئایا هیچ هاوەڵێك بۆ خوا هەیە؟

جا ئەم ڕووە هەڵەیە چونکە وتەکە دەبێت هەموو بە یەکەوە بخوێنرێتەوە لێك بدرێتەوە، بە نموونە دەڵێین: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ [النمل:60] تەقدیرەکەی ئەوەیە کە: ئایا هیچ خوایەك لەگەڵ خوادادا هەبوو ئەم کارانەی کردبێت؟!

بێ گومان وەڵامەکەیان ئەمە دەبێت کە: نەخێر، ئەمەش پرسیاری ئینکاریکردنەو هەر ئەم ڕووەی تەفسیری ئایەتەکە سەحیح و دروستە، بەڵام ڕووە هەڵەکە ئەوەیە وا گومان ببرێت کە ئایەتەکە دەڵێت: ﴿أَمَّنْ خَلَقَ

السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنْبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُنْبِتُوا شَجَرَهَا﴾ [النمل:60] ئیتر تەواو بێت و لێرەدا کۆتایی پێ بێنیت.
پاشان بلێیت: ﴿أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ﴾ وەك ئەوەی پرسیارێکی تازە بێت بلێت: ئایا خوا هاوەڵی هەیە؟
جا ئەم ڕووە هەڵەیە چونکە شەریك و هاوەڵ بۆ خوا جێگیر دەکەن، وە خوای گەورە پرسیاریان لێ ناکات لەوەی کە ئایا هاوەڵی هەیە یان نا؟

واتە تەنها پرسیاری ڕووت و هیچی تر، بەڵکو تاکە مەبەست ئەوەیە: کە ئایا هیچ خوایەکی تر جگە لە خوا ئەم کارانەی کردووە تاکو ئێوە جگە لەو بیپەرستن؟ جا ئەگەر وتتان: نەخێر، جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە ئەم کارانەی کردبێت، بەڵکو تەنها کارو کردەوەی خوا خۆیەتی، کەواتە ئەو شەریك و هاوەڵانەی ئێوە لە جیاتی خوا پەرستشیان بۆ دەکەن، گشتی بەتاڵ و بێ بنەمایەو هاوەڵگیرییتان بۆ خوا بەتاڵە، ئەمەیە ئەو مەبەستەی ئایەتەکە دەیەوێت بیگەیەنێت.

وە هەروەك خوا –سبحانەوتعالی- دەفەرموێت: ﴿أَإِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللَّهِ آلِهَةً أُخْرَى﴾ [الأنعام:19] جا ئەوان گەواهی ئەدەن، بەڵام تۆ: ﴿قُلْ لا أَشْهَدُ﴾ واتە: ئەوان شایەتی ئەوە ئەدەن کە چەند خوایەکی دیکە لەگەڵ خوادا هەن و جگە لە خوا هاوار لە چەند خوایەکی دیکەش ئەکەن، وە پرسیارەکە لێرەدا بۆ ئینکاریکردن و نکوولی لەسەر کردنیانە، چۆن باوەڕتان هەیەو دانی پێدا دەنێن کە هیچ کەسێکی تر جگە لە خوا ئەم کارانەی پێشووی نەکردووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەندایەتی بۆ جگە لە خوا دەکەن و هاوار لە جگە لە خوا دەکەن –سبحانەوتعالی-؟!

پاشان دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت هەروەها باس لەو ئایەتانە دەکات کە لە سوورەتی (البقرة)دان- کە وتمان یەکەم فەرمانن لە قورئاندا هاتبن- لەوانە فەرموودەی خوای گەورە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ [البقرة:21].

وە سوورەتی (البقرة) یەکەم سوورەتێك بوو لە مەدینە هاتە خوارێ، لە گەورەترین سوورەتەکانی قورئانە، ئەویش چونکە گەورەترین ئایەتی لە کتێبی خوادا لە خۆ گرتووە کە (آية الكرسي)یە، هەروەها کە چەندەها حوکم و فەرمانی گەورە و مانای پیرۆزی تێدایە، هەروەك لە فەرموودەی

سەحیحدا هاتووە: {لا تستطيعها البطلة}(5) واتە: ساحیرو فالچییەکان، وە: {الشيطان يفر من البيت الذي يسمع سورة البقرة تقرأ فيه} (6)

سوورەتی (البقرة) یەکەم سوورەتە لە مەدینە هاتبێتە خوارێ، لە کردنەوەی قورئاندا و دوای فاتیحە هاتووە، لە سەرەتای سوورەتەکەدا خوای گەورە سیفەتی قورئانی پیرۆزی تێدا هێناوە، پاشان سیفاتی ئیمانداران، پاشان دووڕووەکان، پاشان بێباوەڕان، ئیتر پاش تەواو بوونی سیفاتی دووڕووەکان بەم فەرمانە هەموو مرۆڤەکان دەدوێنێت و یەکەم فەرمانە لە قورئانداو خیتاب و دواندنی بە ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ﴾ دەست پێ دەکات کە بۆ هەموو خەڵکی سەرزەییە بە گشتی و ڕوویان تێ دەکات و دەفەرموێت: ﴿ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ [البقرة:21].

فەرمانی بە هەموو خەڵکی داوە کە بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن، چونکە هەر ئەوە کە دروستی کردوون، ﴿الَّذِي خَلَقَكُمْ﴾ ئەوەی کە هەر ئەو دروستی کردوون، وە هەر ئەو ئەوانەی پێش ئێوەشی دروست کردووە، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویست و بەدیهییە، کارێکە لای ئێوەوە بڕیاری لەسەر دراوەو جێگیر بووە؛ کەواتە بە تەنها هەر ئەو بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن و بەندایەتییان تەنها بۆ ئەو زاتە بکەن -سبحانەوتعالی-.

وە لەو ئایەتەش کە لەسوورەتی (الانعام)دایە: ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُمْ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ﴾ [الأنعام:46] ئەزانن و دان بەوەدا دەنێن کە هیچ کەسێك ناتوانێت ئەوانەیان بۆ بێنێت جگە لە خوا، وە هەر خوایە ڕۆزییان ئەدات و ئەیانژیێنێت.
جا ئەمە ڕۆشن و ڕوونی ئەکاتەوە کە هەر ئایەتێك لەم جۆرە قورئاندا هاتبێت –لەوانەش ئەو ئایەتانەی لە سوورەتی (النمل)دا هاتوون- تەنها مەبەست پێیان ئەوەیە کە ئایا مادەم باوەڕتان هەیە کە خوا لە دروستکرن (الخلق)دا هیچ هاوەڵی نییە، ئیتر بۆچی لە بەندایەتی و پەرستنشتاندا شیرك و هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدەن؟ ئەمە ناواخنی ئەوەیە کە دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت باسی کردووەو ڕوونی کردەوە.

(1) رواه الترمذي (2312)، وابن ماجة (4190) عن أبي ذر . [إني أرى مالا ترون وأسمع مالا تسمعون إن السماء أطت وحق لها أن تئط ما فيها موضع أربع أصابع إلا وملك واضع جبهته ساجدا لله والله لو تعلمون ما أعلم لضحكتم قليلا ولبكيتم كثيرا وما تلذذتم بالنساء على الفرشات ولخرجتم إلى الصعدات تجأرون إلى الله والله لوددت أني كنت شجرة تعضد.]

(2) البخاري (2732، 3855)، مسلم (1393) عن أنس .

(3) رواه مسلم (2865) من حديث عياض بن حمار [إن ربي أمرني أن أعلمكم ما جهلتم مما علمني يومي هذا كل مال نحلته عبدا حلال وإني خلقت عبادي حنفاء كلهم وإنهم أتتهم الشياطين فاجتالتهم عن دينهم وحرمت عليهم ما أحللت لهم وأمرتهم أن يشركوا بي ما لم أنزل به سلطانا وإن الله نظر إلى أهل الأرض فمقتهم عربهم وعجمهم إلا بقايا من أهل الكتاب وقال إنما بعثتك لأبتليك وأبتلي بك وأنزلت عليك كتابا لا يغسله الماء تقرؤه نائما ويقظان وإن الله أمرني أن أحرق قريشا فقلت رب إذا يثلغوا رأسي فيدعوه خبزة قال استخرجهم كما استخرجوك واغزهم نغزك وأنفق فسننفق عليك وابعث جيشا نبعث خمسة مثله وقاتل بمن أطاعك من عصاك قال وأهل الجنة ثلاثة ذو سلطان مقسط متصدق موفق ورجل رحيم رقيق القلب لكل ذي قربى ومسلم وعفيف متعفف ذو عيال قال وأهل النار خمسة الضعيف الذي لا زبر له الذين تبعا لا يتبعون أهلا ولا مالا والخائن الذي لا يخفى له طمع وإن دق إلا خانه ورجل لا يصبح ولا يمسي إلا وهو يخادعك عن أهلك ومالك وذكر البخل أو الكذب والشنظير الفحاش ولم يذكر أبو غسان في حديثه وأنفق فسننفق عليك]

(4) رواه البزار في كشف الأسرار (2190)، والحاكم في المستدرك(2/442) عن ابن عباس.

(5) **فَاطِرُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجاً وَمِنْ الأَنْعَامِ أَزْوَاجاً يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (11) لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (12)** واته: [بێگومان هەر ئەو زاتە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە، هەر لە خۆتان هاوسەرانی بۆ سازاندوون، لە ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتیش جووت، نێرو مێی بۆ فەراهەم هێناون، لەو ڕێگەیەوە زاووزێ دەکەن و زۆر دەبن بۆتان، هیچ شتێك نییە لە وێنەی ئەو زاتە، هیچ شتێك لەو ناچێت، هەر ئەویش بیسەرو بینایە * جڵەوی هەموو ئاسمانەکان و زەوی بەدەستی ئەو زاتەیە، ڕزق و ڕۆزی فراوان دەکات بۆ هەر کەسێك کە بیەوێت، یان کەمی دەکات و سنووریکی بۆ دادەنێت، بەڕاستی ئەو خوایە بە هەموو شتێك زانایە].

(6) [قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلَامٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى آللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ * أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ * أَمَّن جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ * أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ * أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ * أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ * قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ] [النمل: 59–65]

(7) رواه مسلم (804)، وأحمد (5/ 352،348) ، والدارمي (2/ 451،450) من حديث أبي أمامة الباهلي .

فەرموودەكە بەم شێوەیەیە: اقرأوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابه، اقرأو الزهراوين، البقرة وسورة آل عمران، فإنهما تأتيان يوم القيامة كأنهما غمامتان، أو كأنهما غيايتان أو كأنهما فرقان من طير صواف تحاجان عن صاحبهما اقرأو سورة البقرة، فإن أخذها بركة وتركها حسرة، ولا تستطيعها البطلة.

(8) رواه مسلم (780) من حديث أبي هريرة .

فەرموودەكە بەم شێوەیە: [لا تجعلوا بيوتكم مقابر، فإن الشيطان يفر من البيت الذي يسمع سورة البقرة تقرأ فيه]

********

## 2. سووربوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر پاراستنی گەورەیی تەوحیدو گرتنی هەموو ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی شیرك و هاوەڵگیریی.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

[وقد ثبت في صحيح مسلم عن أبي الهيّاج الأسدي قَالَ: قال لي علي بن أبي طالب رضي الله عنه: ألا أبعثك عَلَى ما بعثني رَسُول الله صلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟: {أمرني أن لا أدع قبراً مشرفاً إلا سويته، ولا تمثالاً إلا طمسته} (1).

وفي الصحيحين عن النبي صلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أنه قال في مرض موته: { لعن الله اليهود والنَّصارَى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد يحذر ما فعلوا قالت عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْها: ولولا ذلك لأبرز قبره، ولكن كره أن يتخذ مسجداً} (2)، وفي الصحيحين أنه ذكر له في مرض موته كنيسة بأرض الحبشة ، وذكر له من حسنها وتصاوير فيها، فقَالَ: {إن أُولَئِكَ إذا مات فيهم الرجل الصالح بنوا عَلَى قبره مسجداً وصوروا فيه تلك التصاوير،أولئك شرار الخلق عند الله يَوْمِ القِيَامَةِ} . (3)

وفي صحيح مسلم عنه صلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أنه قال قبل أن يموت بخمس: {إن من كَانَ قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، فإني أنهاكم عن ذلك] (4) إهـ.

واتە: [لە سەحیحی موسلیم دا لە ئەبی هەییاجی ئەسەدییەوە كە وتویەتی: عەلی كوڕی ئەبی تالیب خوا لێی ڕازی بێت پێی وتم: ئایا بتنێرم بەوەی كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) منی پێ ناردووە؟: {فەرمانی پێ داوم كە هیچ گۆڕێك نەهێڵمەوە تەختی نەكەم (لەگەڵ گڵدا ڕێكی نەكەمەوە)، وە هیچ پەیكەرێك نەهێڵمەوە نەیڕوخێنم و نەیگۆڕم}

وه لـه هـەردوو سـەحیحدا لـه پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) كه لـه نـەخۆشی وەفاتیدا فـەرموویەتـی: {نـەفرەتـی خوا لـه جوولەكەو نـەسرانییەكان گۆڕی پێغەمبەرانیان كردبووە مزگەوت، (پێغەمبەر) هۆشداری دا بەو كارەی ئەوان كردبوویان، عائیشه خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرمویێت: ئەگەر ئەوە نەبوایە ئەوە گۆڕەكەی بەرز دەكرایەوە، بەڵام پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پێی ناخۆش بووە كه بكرێتە مزگەوت}، وه لـه هـەردوو سەحیحدا هاتووە (كه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) لـه نـەخۆشی سەرەمەرگیدا باسی كەنیسەیەكی بۆ كرا لـه وڵاتی حەبەشه، وه باسی جوانی و ڕازاوەیی و وێنەكانی ناو كەنیسەكەی بۆ كرا، ئەوجا فەرمووی: {بەڕاستی ئەوانە ئەگەر پیاوێكی چاك تیایاندا مرد لەسەر گۆڕەكەی مزگەوتێك دروست دەكەن وه ئەو وێنانەی لـه ناودا دەكێشن، ئائەوانە خراپترینی خەڵكن لای خوا لـه ڕۆژی قیامەتدا}

وه لـه سەحیحی موسلیم دا كه پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی بمرێت فەرمووی: (بەڕاستی ئەوانەی لـه پێش ئێوەدا بوون گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاكانیان دەكردە مزگەوت، ئاگادر بن گۆڕەكان مەكەنە مزگەوت (بەندایەتی تێدا بكەن و مزگەوتی لەسەر دروست بكەن) چونكە من جڵەوگیریتان دەكەم لەوە] اهـ.

## شەرح و ڕاقەكردن:

ئەم كۆمەڵە فەرموودەیە لـه گەورەترینی ئەو فەرموودانەن كه بەڵگەن لـه سەر سووربوون و چەختكردنەوەی پێغەمبەرن (صلی الله علیه وسلم) بۆ پاراستنی تەوحیدو گەورەیی و هەیبەتی تەوحید، گرتن و بەربەستكردنی هەر ڕێگەیەك كه بە هەر شێوەیەك لـه شێوەكان سەرئەكێشێت بۆ شیرك و هاوەڵگیری بە خوای گەورە- سبحانەوتعالی-، ئەوەتە عەلی خوا لێی ڕازی بێت بە ئەبو هەییاج دەفەرموێت: {ألا أبعثك عَلَى ما بعثني عليه النبي صلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: أمرني أن لا أدع قبراً مشرفاً إلا سويته ولا تمثالاً إلا طمسته} (1) ئەمەش پەیڕەوی هەموو كەسێكی ئیمانداری یەكخواپەرستە، كه نەهێڵێت گۆڕەكان بەرز بكرێنەوەو هیچ گۆڕێكی بەرزكراوە نەهێڵێتەوە لەگەڵ زەویدا ڕێكی نەخات، پەیكەرێك نەهێڵێتەوە تێكی نەدات و لاینەبات، كەسێك لەسەر پەیڕەوی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەڕوات، دەبێت كاتێك بینی وا كەسانێك ئەوانە بە گەورە دەزانن و ئەوكارانە دەكەن، ئینكارییان لێ بكات و بۆیان ڕوون بكاتەوە، جا ئەگەر توانی بە دەست بیگۆڕێت وەك ئەبو هەییاج و وەك عەلی خوا لێیان ڕازی بێت كردیان، ئەوە لەسەری پێویستە

بە دەست بیگۆڕێت، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوە دەبێت بەڵگەیان لەسەر دانێت، بە بەڵگەی ڕۆشن پاساوی ئەو گۆڕپەرستانەوە هەروەها ئەوانەش کە وێنەو پەیکەرەکان بەرز دەکەنەوەو دەیانچەقێنن و جگە لە خوا دەیانپەرستن نەهێڵێت و فەرمانی خوایان بۆ ڕوون بکاتەوە، چونکە لە ڕەحمەت و بەزەیی خوا بە ئێمە ئەوەیە کە ئێمە ئوممەتێکن یەیکەر مۆمیا ناکەین، بە گەورەی ناگرین، پیرۆز نییە لامان، لە ئایینی ئێمەدا حەرامبوونی ئەم کارانە شتێکی بەڵگە نەویست و بەدیهییە، بەڵام جێی داخە کە زۆرێك لە وڵاتانی جیهانی ئیسلام مەگەر بە دەگمەن، ئەنا نییە پەیکەری لێ دانەنرابێت، تەنانەت زۆرێك لە زانایانی ڕۆژئاواش باسیان لەم مەسەلەیە کردوە لە وڵاتەکانی خۆیانداو بە کارێکی ناجۆریان لە قەڵەم داوە، 🌴 وە لە ناو ئەوروپادا چەند بزوتنەوەیەکی ئایینی هەبوون بە ناوی بزوتنەوەی سڕینەوەو لابردنی پەیکەرەکان یان روخاندن و لەناوبردنی پەیکەرەکان (حركة طمس التماثيل)، وە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوە بێڕێزی و ئیهانەیە بە زیندووەکان و بەخواگرتنی مردووەکانیشە، وەك ئەوەیە یەکێك بڵێت: ئێوە ئەی زیندووەکان، کەسێکتان تێدا نییە وەك ئەو مردووەوی پەیکەرەمان بۆ تاشیوە شێتك پێشکەش بە ئوممەتەکەی بکات، ئەمەش بێڕێزی و کەم نرخ دانانە بۆ زیندووەکان.

🌴 پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: {لتتبعن سنن من كَانَ قبلكم، حذو القذة بالقذة، حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه، وحتى لو أن أحدهم أتى امرأته عَلَى قارعة الطريق لفعلتموه!} (5) [بێگومان ئێوە شوێن ڕێوڕەوشی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، هەنگاو بە هەنگاو، تەنانەت ئەگەر ئەوان چونە کونی بزنە مژەشەوە ئێوە شوێنیان دەکەون، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان لەسەرە ڕێگە چووە لای خێزانەکەی ئێوەش ئەوە دەکەن!] جا ئەرکی ئیمانداری یەکخواپەرست ئەوەیە کە: بە توندترین شێواز ئینکاری و نکوولی ئەم کارانە بکات و خەڵکیان لێ وریا بکاتەوە، بێئاگاو نەزانەکان هۆش بێنێتەوە تاکو گۆڕەکانیان بەرز نەکەنەوە و پەیکەر دانەنێن، وە ئەمەش لەو کارانەیە کە هەموو زانایان بێ جیاوازی –سوپاس بۆ خوا- کۆران لەسەری و هیچ زانایەك لەمەدا ڕای پێچەوانەی نەبووە بە هیچ شێوەیەك، ئەم جۆرە کارە دزێوانە لەم سەردەمەدا نەبێت لە هیچ وڵاتێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا –لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نەفامی و سەرلێشێواوی- نەکراوە، هۆکاری ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ کاریگەربوون بە ئەورووپای نەسرانی مولحیدو بێباوەڕ کە لە هەموو جێگاو گۆڕەپانێك پەیکەریان بۆ عیسا سەلامی لێ بێ و دایکی داناوەو بەرزیان کردۆتەوە، هەروەها پەیکەری کەسانی دیکەشیان بەو شێوە

بەرز ڕاگرتووە، وەك لەم فەرموودەی تراداكە هەردوو شەیخەین كۆكن لەسەری كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: {لعن الله اليهود والنَّصارَى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد} (2) [نەفرەتی خوا لە جوولەكەو نەسرانییەكان گۆڕی پێغەمبەرەكانیان دەكردە مزگەوت]، كاتێك باسی كەنسەیەكیان بۆ كرد لە خاكی حەبەشە كە چۆن وێنەو پەیكەریان تێدا داناوەو ڕازاندویانەتەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم فەرموودەیەی فەرموو، كە ئەمە نەریت و باوی هەموو كەنیسەكانەو لە هەموو كەنیسەو شوێنێكدا پەیكەری مەسیح و مەریەمیان داناوە و جگە لە خوا دەیپەرستن، تەنها مەسیحیش ناپەرستن بە تەنها، بەڵكوو تەنانەت ئەو قەدیسانەی بە پیرۆزیان دەزانن ئەوانیش دەپەرستن، بەڵكوو تا ئێستەش لە جیهانی ڕۆژئاوادا خۆشەویستی ئەو قەدیسانە لە دڵ و دەروونیاندا هەر هەیە، وە تا ئێستەش ناوی شارو جادەكانیان بە ناوی قەشەكانانیانەوەیە وەك سان مون، یان قەدیس یوحەننا، یان قدیس جۆرج، یان قەشە فلان و فیسار، لەبەر ئەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەفرەتی لێ كردن چونكە هەر كاتێك پێغەمبەرێك یان پیاوچاكێكیان بمردایە، یان پەیكەرێكیان بۆ دروست دەكردو بۆیان بەرز دەكردەوە، یان شوێنی گۆڕەكەیان دەكردە مزگەوت (شوێنی پەرستش)و گومەزێكیان لەسەر دروست دەكرد، كاتێكیش ئینكارییان لێ بكرێت دەڵێن: ئێمە خاوەنی گۆڕەكە ناپەرستین و تەنها هەر خوا دەپەرستین وەك ڕابوردووەكانیان دەیانگوت: ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ [الزمر:3] جا ئەگەر پێیان وترا: باشە ئێوە ئەگەر خوا دەپەرستن، بۆچی تەنها لای ئەم گۆڕەنەبێت پەرستشی بۆ ناكەن؟

بۆچی ئەم گۆڕە هەڵدەبەستن و توندوتۆڵی دەكەن و بەرزی دەكەنەوە؟

دەڵێن: خاوەنی ئەم گۆڕە لە خوامان نزیك دەكاتەوە -هەمان قسەی ئەوانەی سەردەمی نەفامی دەیانگوت: ئەوانە تكاكارمانن لای خوا- ئەو مردووەی لە ناو گۆڕەكەدایە تكامان بۆ ئەكات لای خواو بۆمان دەپارێتەوە. ئا ئەمەیە لافی بۆ لێ دەدەن و گومانیان وایە بەم شێوەیە دەگەنە لای خوا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خودو چاوگی شیركە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بۆ بە گژاچوونەوەو بنبڕكردنی هاتوون.

خوای گەورە نیگای کردە لای پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) و ئەوانیش کە لە پێش ئەودا هاتبوون کە: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [الزمر:65] [ئەگەر هاوەڵگەر بیت و شەریك بۆ خوا بڕیار بدەیت، ئەوە بێگومان کارو کردەوەکانت پوچەڵ دەبنەوەو دەچیتە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە] وە خوای گەورە -سبحانەوتعالی- هەڕەشەی کردووە کە هیچ هاوەڵگیرێك بە هیچ شێوەیە ناخاتە بەهەشتەوە، بەڕاستی خوا بەهەشتی لەسەر قەدەغە کردوون و شوێن و جێگەیان ئاگرەو ستەمکارانیش هیچ پاڵپشتێکیان نییە.

ئەرکی سەرشانمانە کە ئەم ڕاستییانە بۆ هەموو کەس ڕوون بکەینەوە بە تایبەت بۆ موسڵمانان و ئوممەتی تەوحید، تاکو وازی لێ بێنن و بترسن و لێی دوور بکەونەوە، نابێت نوێژ لە مزگەوتێکدا بکرێت کە گۆڕی تێدایە، بێگومان کە ئەوە کارێکی حەرام و قەدەغەیە، بەڵام بکەرەکەی نابێتە موشریك لەبەر ئەوەی:

یەکەم: دروست نییە نوێژکردن لە شوێنی گۆڕستانەکان.

دووەم: چونکە ئەگەر ئەم شوێنێك جگە لە خوای تێدا دەپەرسترا، پاشان یەکێك هات و خوای تێدا پەرست، بەم کارەی ژمارەی هاوەڵگیران زیاتر دەکات، وە دروست نییە بۆ کەسێك قوربانی و سەربڕین بکات لە شوێنێکدا کە بۆ جگە لە خوای تێدا سەربڕدرابێت، وە نوێژ بکات لە شوێنێکدا کە نوێژی بۆ جگە لە خوا تێدا بکرێت، با مەبەستیشی شیرك و هاوەڵگیریی نەبێت، چونکە بەو کارەی ژمارەو ڕەشایی هاوەڵگیران زیاد دەکات و ڕەنگە ببێتە پاساوێك بۆ یەکێکی تری دوای خۆی و بێت و چاو لەم بکات، هەروەك شیرك و هاوەڵگیری لە گەلی نوح دا کە ڕووی دا بەم شێوەیە بوو، لەبەر ئەوە عومەر خوا لێی ڕازی بێت ئەو دارەی بڕییەوە کە پەیمانی حودەیبییەی لە ژێردا گرێ درابوو، ئێستە هیچ کەس نازانێت شوێنکەی کامەیەو ئاسەواری نەما.

هەر کارێکی شیرکی ئەگەر زوو بنەبڕ نەکرێت و لە ڕەگ و ڕیشە دەرنەهێنرێت، وردە وردە تەشەنە دەکات و پاشان دەبێتە شیرك و جگە لە خوا دەپەرسترێت، بە نموونە ئەو دارەی کە عومەر خوا لێی ڕازی بێت بڕی، ئەگەر بەو شێوە بمایەتەوەو نەبڕدرایە چی ڕووی دەدا:

لە جاری یەکەمدا: وەك پاشماوەو ئاسارێکی پیرۆز سەردان دەکرێت، مرۆڤ بیر لە هاوەڵە بەرێزەکان دەکاتەوە خوا لێیان ڕازی بێت کە چۆن لە ژێر ئەو دارەدا پەیمانیان داوە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

جاری دووەم: سەرسام بوونەکە زیاتر دەبێت و بیر دەکاتەوەو قوڵتر سەیری گەڵاو لق و پۆپی دارەکە دەکات، مەسەلەی پەیمانەکەی لە بیر دەچێتەوە.

جاری سێیەم: دەڵێت: ئەگەر پێویستی و داواکارییەکم هەبێت ئەوا لە ژێر ئەم دارەدا داوا لە خوا ئەکەم و خواش لە بەر پیرۆزی ئەم شوێنە دێت بە هانامەوە، چونکە ئەم شوێنە زۆر پیرۆزەو هاوەڵەکان هەموو بە یەکەوە کۆ بونەوەو پەیمانیان بە پێغەمبەری خوا دا.

جاری چوارەم: ئیتر خۆی ئەبەستێت بە دارەکەوەو خۆی تێ هەڵدەسوێت و وەك قسەو وتەی هاوەڵگیران هاوار لە جگە لە خوا دەکات و لێرەوە دەرگای شیرك و هاوەڵگیریی دەکرێتەوە، هەروەك پێش بانگەوازی شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کاتێك خەڵکی نەجد دەهاتنە لای دارێکی گەورەی قەد ئەستووری –نێرەی دارخورما- دەیانوت: (يا فحل الفحول أبغي ولد قبل الحول) واتە: لە دارەکەی ئەویست کە پێش کۆتایی هاتنی ساڵ منداڵێکی بداتێ، وەك ئەوەی ئەو کەسەی منداڵ و نەوە دەبەخشێت ئەو دارو بەردانە بن!.

هاوەڵە بەرێزەکان کاتێك تەوحید شوختێکی تێ بکرایە، یان بە کەم بگیرایە، بە توندترین شێوە بەرەنگاری دەبونەوەو جەنگیان لەگەڵ هاوەڵگیراندا دەکرد، ئەگەر تەنانەت مەسەلەکە پەیوەندی بە ئاسارو پاشماوەی پێغەمبەریشەوە بووایە نەخوازەڵا جگە لەو، لەبە رئەوە ئەو دارە بڕدرایەوەو هەر بەو شێوەیەش دەبێت هەموو دارێك ببڕدرێتەوە کە گومانی وای لێ بکرێت، وە پێویستە هەموو گۆڕێك لەگەڵ خاکدا ڕێك بخرێت کە ئەو گومانەی لێ بکرێت، تاکو هەیبەت و گەورەیی تەوحید بپارێزین و چاودێری بکەین.

بەڵام گۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوە هەموو دەزانین کە گۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مزگەوت نییە، وە لە مزگەوتەکەدا نەنێژراوە، وەك هەندێك لە نەفامەکان گومان دەبەن، هۆی بوونی گۆڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ناو مزگەوتەکەدا ئەوەیە کە

پێغەمبەران سەلامی خوایا لێ بێت دەبێت لەو شوێنەدا بنێژرێن کە تیایدا گیانیان دەکێشرێت، وەك لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: {ما قبض الله نبياً إلا في الموضع الذي يحب أن يدفن فيه}(6) [خوا گیانی هیچ پێغەمبەرێکی نەکێشاوە تەنها لەو شوێنەدا نەبێت کە دەبێت تیایدا بخرێتە ژێر خاك]، جا هەچ پێغەمبەرێك دەبێت لەو شوێنەدا بشاردرێتەوە کە تیایدا وەفاتی کردووە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە ماڵی عائشەدا وەفاتی کردووەو لەوێشدا نێژراوە، لەملاولاشیەوە هەریەك لە دوو هاوەڵەکەی ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتتاب نێژراوون خوا لێیان ڕازی بێت.

ئینجا لەسەردەمی وەلیدی کوڕی عبدالملك پاش ئەوەی مزگەوتەکە لە هەموو ڕووەکانیەوە فراوانکرا، حوجرەو ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەموو وایان لێ هات وەك ئەوەی هاتبنە ناو مزگەوتەکەوە، پاشان سەردەمی مەمالیکەکان هات و زیاتر چوونە ناوەوە، ئیتر بەو شێوەیە بە تێپەڕبوونی کات وای لێ هات وەك ئەوەی گۆڕەکە لە ناوەڕاستی مزگەوتەکەدا بێت وایە، ئیتر وای لێ هاتووە کەسێکی بێ ئاگا وا دەزانێت کە مزگەوتەکە لە سەر گۆڕەکە دروست کراوە، هەروەك هەندێ لە نەفامەکان وا دەزانن کە کەعبەی پیرۆز لە سەر گۆڕی ئیبراهیم دروست کراوە سەلامی لێ بێت، چونکە ئەوەی کە زۆر بە زەین و بیرۆهۆشی موسڵماناندا چۆتە خوارێ تەقلیکردن و لاساییکردنەوەی جوولەکەو نەسرانییەکانە، ئەوانە گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەکەنە جێ نزرگەو شوێنی بەندایەتی، پاشان موسڵمانەکانیش بە هۆی تەقلیدو چاولێکەرییەوە لەوانی وەردەگرن و بە تێپەڕ بوونی کات (ئەگەر بەرگری نەکرێت)وای لێ دێت مزگەوتێك نەمێنێتەوە گۆڕێکی تێدا نەبێت یان لەسەر گۆڕێك دروست نەکرێت.

وە گەورەترین مەترسیش کە تووشی ئوممەتی ئیسلام هاتبێت ئەمە بووە، تەنانەت کاتێك تەتار هاتن و وڵاتی ئیسلامیان داگیر کرد، هەندێك لە دەرگاوانانی گۆڕەکان هاواریان دەکردو بە خەڵکیان دەگوت:

**يا خائفين من التتر لوذوا بقبر أبي عمر**

واتە: ئەی ئەو کەسانەی لە تەتەرەکان دەترسن، خۆ پەنا بەنە بەر گۆڕی ئەبی عومەر.

خەڵكیش دەهاتنە لای گۆڕەكان و هاواریان لێ دەكردن و دەیانوت: فلانە شار بە هۆی فلان دۆستی خواوە پارێزراوە -ناویان لێ نابوون پاسەوان- و دەیانوت كە مادەم فلانە وەلی گۆرەكەی لەوێیە، ئیتر ئەو پاسەوانی شوێنەكە دەكات و نە تەتارو نە خاچ پەرستەكان ناتوانن بچنە ناوی، كاتێكیش دوژمن هێرشی دێنا ڕایان دەكردە لای گۆرەكەو هاواریان لێ دەكرد ... ئەی پاسەوان!... ئەی پاسەوان!

بەم شێوەیە هاتن و یەك لە دوای یەك شارو شوێنەكانیان گرت و وێران وخاپووریان كردن، چونكە ئەو ئەفسانەو گومڕاییە لەبەر دەم دنیای واقیع و هێرشی تەتاردا هیچی پێ نەكراو خۆی پێ نەگیرا.

جا ئەمە خودی ئەو شیركەیە كە ئەم ئوممەتە ڕزگاری نەبووە لە دەستی، سەربەرزو سەربڵندیش نابێت تاكو بە یەكجاری وازی لێ نەهێنێت و خۆی لێ دەنەڕنێت، هەر كاتێك ئەم ئوممەتە خوای بە تاك و تەنها و بێ هاوەڵ پەرست، ئەوكات خواش سەری دەخات و عیززەت و سەربەرزی دنیاو دواڕۆژیشی پێ دەبەخشێت.

شیرك هەروەك خەڵكی لە خواو لەبەهەشت دوور دەخاتەوە، هەروەها دڵەكانیش پەرتەواز دەكات و لێكیان دەپچڕێنێت، چونكە لە درۆ و دەلەسەو بوختان زیاتر هیچی تر نییە، بە نموونە حوسەین سەلامی لێ بێت لە عێراق دەپەرسترێت گوایە لەوێ نێژراوەو گۆڕەكەی لەوێیە! وە لەشام دەپەرسترێت گوایە گۆڕەكەی لەوێیە! وە لە میسریش ئەپەرسترێت گوایە گۆڕەكەی لەوێیە!، یان نەفیسە یان زەینەب، یان عەلی، ئیتر ئەمانە لە هەموو شوێنێك هەن، تەنانەت عەلی كوڕی ئەبی تالیب خوا لێی رازی بێت، كە بەڵگە نەویستە لە كوفەو لە شوێنێكی نادیار نێژراوە و كەس گۆڕەكەی نازانێت، بەڵام دەبینین لەوپەڕەی وڵاتی ئیسلامی و لەسەر سنووری یەكێتی سۆڤییەتدا لەشارێك لە شارەكانی ئەفغانستان بە ناوی مەزار شەریف –واتە نزرگەی پیرۆز- دەپەرسترێت و هاواری لێ دەكرێت و خەڵكی دەڵێن: كە لەوێ لە پاش توركستانەوە لەسەر سنووری ئاوەكە نێژراوە!.

هەندێك لەو برایانەی خەڵكی ئەو وڵاتەن و لای ئێمە دەیانخوێند، بۆیان گێڕامەوە كە ژمارەی ئەوانەی سەردانی ئەو نزرگەیە دەكەن ساڵانە دەگاتە زیاتر لە چوار ملیۆن كەس!.

-سبحان الله العظيم!- چۆن شەیتان یاری بە عەقڵی ئەم ئوممەتە دەکات؟!، سەرسام ئەبین بەوەی چۆن یاری بە عەقڵی جوولەکەو نەسرانییەکان کردو وای لێ کردن موستەحەققی ئەو نەفرەتە بن کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لێی کردن و فەرمووی: {لعن الله اليهود والنَّصارَى، اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد} ، وە سەرسامیمان زیاترە بە ئوممەتی یەکخواپەرستی کە دەڵێت: لا اله الا الله، وە لە ڕۆژێکدا پێنج جار بانگ لەسەر بڵندگۆی مزگەوتەکانیەوە دەڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله، و أشهد أن محمدا رسول الله)، لەگەڵ ئەوەشدا لە هاوەڵگیریی و بەندایەتیکردنی جگە لە خوادا بوینە هاوڕازو هاو مەبەستی جوولەکەو نەسرانییەکان-دوژمنانی خوا- دەی چۆن ئوممەتێك سەربەرزو پیرۆز دەبێت شوێن دوژمنانی خوا بکەوێت و بیانکاتە دۆست و سەرپەرشتیاری خۆی؟!.

وە گەورەترین هۆکارەکانی کەوتنە ناو شیرکیش بریتییە لە: بەگەورەگرتنی ئەولیاو دۆستانی خوا-دانەریش چەند هۆکارێکی دیکەی باس کردووە- بەڕاستی خوای گەورە پەرچی هەموو ئەوانەی داواتەوە کە هاوار لە جگە لە خوا دەکەن و دەیانکەنە وەسیلەو هۆکار لە نێوان خۆیان و خوادا دەفەرموێت: ﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ﴾ [الإسراء:57] واتە: ئەو هاوارلێکراوانە خۆیان هاوار لە خوا دەکەن و دەیانەوێت لە خوا نزیك ببنەوە، هۆکارو وەسیلە ئەگرنە بەر بۆ لای خوا، ئومێدو هیوایان بە ڕەحمەتی خوا هەیەو لە سزاو خەشمی خوا دەترسن، دەی چۆن تۆ دێیت و جگە لە خوا هاواریان لێ دەکەیت؟! ئەگەر یەکێکیان تووشی دەردو بەڵایەك بوو هاوار دەکات و دەڵێت: یا عەلی! یا عەلی! باوەڕیشی وایە کە عەلی خوا لێی ڕازی بێت گوێی لە هاوارەکەیەتی و دێت بە دەمیەوە، لە کاتێکدا عەلی خوا لێی ڕازی بێت نەك هەر ئاگای لێ نییە، بەڵکوو لە ژیانی خۆیشیدا ئیسراحەتی نەدی و ئەو هەموو نارەحەتی و دەردیسەری و ئێش و ژانەی بە دەست نەیارو هەروەها شوێنەکەوتووەکانیشەوە کێشا، کە کۆتاییان دووبەرەکیی ئوممەت بوو لەسەری و خەواریجەکان لە فەرمانی دەرچوون و پاشان بەدبەختترین کەسیان هات و کوشتی.

عەلی خوا لێی ڕازی بێت لە ژیانی خۆیدا نەیتوانی نە سوود بە خۆی بگەیەنێت و نە زیانیش لەسەر خۆی لابەرێت، نە یتوانی لەو کابرا خاریجییە خۆی ڕزگار بکات، لە کاتێکدا دەیەویست ئەمیری باوەڕداران بێت و هەموویان لە ژێر فەرمانیدا یەکبخات و کۆبکاتەوە بەڵام نە لە

دوژمنایەتی خەواریجەکان بۆی، وە نە لە وانەش کە لە گوێڕایەڵی و فەرمانڕەوایی ئەو دەرچوون توانی دەرباز بێت، دەی تۆ چۆن ئێستە دێیت و هاواری لێ دەکەین و لە جیاتی خوا لێی دەپاڕێیتەوە؟! حوسەین خوا لێی ڕازی بێت کاتێك بەرەو وشکانی دەرچوو سووپاکە بۆی هاتن و گەمارۆیان داو لەو دەشتەدا کوشتیان و بە تینوێتی و زوڵم و ستەمە کوشتیان، گومان لەوەدا نییە کە بە ستەملێکراوی کوژرا، بە حەرامی و زولم خوێنی ڕژا، وە خوێنی هیچ موسڵمانێك حەڵاڵ نییە چ جای خوێنی ئەو، وە ئەسڵەن شەڕکردن لە کاتی ئاژاوەو فیتنە لە ناو موسڵماناندا دروست نییە، بەڵام کاتێك بۆی هاتن و گەمارۆیان دا، لە تینواندا لەو وشکانییەدا مرد، دەسەڵاتی هیچ شتێکی نەبوو.

وە ئێستە! ئەبینی ئەگرین و بە خۆیان دەکێشن و دەڵێن: چۆن ئاو بخوێنەوە لە کاتێکدا حوسەین لەو دەشتەدا لە تینوانا مردووە؟ پاشان ئەگەر یەکێکیان تووشی تەنگەشەیەك بوو هاوار دەکات و دەڵێت: یا حوسەین! یا حوسەین بگەرە فریام! سبحان الله! چۆن وا دەڵێت لە کاتێکدا حوسەین نەیتوانی دڵۆپێك ئاو بۆ خۆی پەیدا بکات؟!

---

(1) رواه مسلم (969) من حديث أبي الهياج الأسدي عن علي بن أبي طالب.

(2) رواه البخاري (435)، ومسلم (531) عن عائشة.

(3) رواه البخاري (427، 434، 1341 ...)، ومسلم (528) من حديث عائشة.

فەرموودەکە: [أن أم حبيبة وأم سلمة ذكرتا كنيسة رأينها بأرض الحبشة فيها تصاوير لرسول الله صلى الله عليه وسلم فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم إن أولئك إذا كان فيهم الرجل الصالح فمات بنوا على قبره مسجدا وصوروا فيه تلك الصور أولئك شرار الخلق عند الله يوم القيامة]

(4) رواه مسلم (532) من حديث جندب بن عبد الله.

فەرموودەکە: [أنه قال قبل أن يموت بخمس إني أبرأ إلى الله أن يكون لي منكم خليل، فإن الله تعالى قد اتخذني خليلا، كما اتخذ إبراهيم خليلا، ولو كنت متخذا من أمتي خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ألا وإن من كَانَ قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم وصالحيهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، فإني أنهاكم عن ذلك]

(5) الحاكم (4/ 502) عن ابن عباس

(6) رواه الترمذي (1018) من حديث عائشة عن أبي بكر.

*********

## 3. لە هۆکارەکانی شیرك

### بە گەورەگرتنی پیاوچاکان و دۆستانی خوا.

دانەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

[ومن أسباب الشرك عبادة الكواكب واتخاذ الأصنام بحسب ما يظن أنه مناسب للكواكب من طباعها. وشرك قوم إبراهيم عَلَيْهِ السَّلام كَانَ – فيما يقال– من هذا الباب، وكذلك الشرك بالملائكة والجن واتخاذ الأصنام لهم. وهَؤُلاءِ كانوا مقرين بالصانع، وأنه ليس للعالم صانعان، ولكن اتخذوا هذه الوسائط شفعاء، كما أخبر عنهم تَعَالَى بقوله: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ [الزمر:3] وكذلك كَانَ حال الأمم السالفة –الْمُشْرِكِينَ الذين كذبوا الرسل– كما حكى الله تَعَالَى عنهم في قصة صالح عَلَيْهِ السَّلام عن التسعة رهط الذين تقاسموا بالله (أي: تحالفوا بالله) لنبيتنه وأهله، فهَؤُلاءِ المفسدون المُشْرِكُونَ تحالفوا بالله عَلَى قتل نبيهم وأهله، وهذا بيِّنٌ أنهم كانوا مؤمنين بالله إيمان الْمُشْرِكِينَ.

فعلم أن التوحيد المطلوب هو توحيد الإلهية، الذي يتضمن توحيد الربو بية. قال تعالى: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ * مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ * مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ * وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُمْ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُمْ مِنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ * لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ * أَمْ أَنْزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا بِهِ يُشْرِكُونَ * وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا بِهَا وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ﴾ [الروم:30- 36] اهـ .

واتە: [وە لە هۆكارەكانی شیرك و هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا، پەرستنی ئەستێرەكان و دانانی بت و یادبوود بووە بۆیان لەسەر زەویدا، بەو پێیەی بە گومانی خۆیان بتێك یان یادبوودێك دابنێن كە لەگەڵ سرووشتی ئەستێرەكاندا گونجاو بێت یەك بگرێتەوە، وە شیرك و هاوەڵگیری گەلی ئیبراهیم سەلامی لێ بێت –وەك ئەوترێت- لەم جۆرە بووە، وە لە هۆكارەكانی شیركیش هەروەها شیرك بە فریشتەو جنۆكەكان و دانانی بوت و یادبوودە بۆیان، وە (باوەڕبوون) بەوەی كە ئەوانە لە دروستكەرەوە (خواوە) نزیكن، وە ئەمانەش باوەڕیان بەوە بوو كە دروستكەر هەر خوایەو بۆ ئەم جیهانە دوو دروستكەرو بەدیهێنەر نییە، بەڵام ئەمانەیان كردبونەوە نێوەندو تكاكار (لە نێوان خۆیان و خوادا)، هەروەك خوای گەورە هەواڵی داوەو فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ [الزمر:3] [ئەوانەش جگە لەو زاتە كەسانی ترو شتی تر دەكەنە پشتیوانی خۆیان و دەڵێن: ئێمە ئەم بت و شتانە ناپەرستین تەنها لەبەر ئەوەی لە خوا نزیكمان بكەنەوە] ﴿وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لا يَضُرُّهُمْ وَلا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ [یونس:18] [(بێباوەڕو خوانەناسان) شتێك دەپەرستن لە جیاتی خوا نە زیانیان پێدەگەیەنێت نە قازانج، دەشڵێن: ئا ئەو بت و شتانە تكاكارمانن لای خوا، (ئەی موحەممەد صلی اللە علیه وسلم) پێیان بڵێ: باشە ئایا ئێوە خوا ئاگادار دەكەنەوە بە شتێك كە لە ئاسمانەكان و لە زەویدا هەبێت و خوا نەیزانێت؟! ئەو زاتە پاك و بێگەردو بەرزو بڵندو دوورە لەوەی كە

نەفامەکانی دەیکەن بە هاوەڵی.] وە هەروەها حاڵی ئەو میللەتە پێشووانەش – ئەو هاوەڵگیرانەی پێغەمبەرانیان بە درۆ دەزانی- وەك خوای گەورە لە چیرۆکی صالح دا سەلامی لێ بێت باسی ئەو حەوت کۆمەڵەمان بۆ دەگێڕێنێتەوە کە سوێندیان بە خوا خوارد: (واتە: باوەڕیان بە خوا بوو بۆیە سوێندیان پێ خوارد) کە فێڵ و تەڵەکە بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی دەنێنەوە، ئەوەتە ئەو موشریك و ئاژاوگێڕاو خراپکارانە سوێندیان بە خوا خوارد لەسەر کوشتنی پێغەمبەرەکەیان و ماڵ و منداڵیشی، ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوانە باوەڕی شیرکییان بە خوا بووە.

جا لێرەوە زانرا کە ئەو تەوحیدەی لە بەندەکان داواکراوە تەوحیدی خوایەتییە کە تەوحیدی پەروەردگارێتیشی لە خۆ گرتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفاً فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ * مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلاةَ وَلا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ * مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ * وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُمْ مُنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا أَذَاقَهُمْ مِنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ * لِيَكْفُرُوا بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُوا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ * أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُوا بِهِ يُشْرِكُونَ * وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُوا بِهَا وَإِنْ تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ﴾ [الروم:30- 36] اهـ. [ڕوو بکەرە بەرنامەو ئایینی خوا و ئەملاولا مەکە، ئەو فیترەو نەخشەیەش کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە، هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك لە هیچ نەخشەو دروستکراوێکی خوادا نییە، ئائەوەیە ئایینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستییە نازانن * ڕوو بکەنە پەروەردگارتان، بە ملکەچی بگەڕێنەوە بۆ لای، لەو بترسن و خۆتان لە سزای بپارێزن، نوێژەکانیشتان بە چاکی ئەنجام بدەن، مەبن بەو کەسانەی کە شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن * لەوانەی کە ئایینەکەیان بەش بەش کردووەو بوونەتە چەندەها گرۆ و دەستە، هەر گرۆو پارتێکیش دڵخۆشن بەو بەرنامە و نەخشە و پلانەی خۆیان * کاتێك تەنگانەو ناخۆشی تووشی خەڵکی دەبێت، هاناو هاوار بۆ پەروەردگاریان دەبەن و هەر لەو دەپاڕێنەوە، پاشان کە ناخۆشی و تەنگانەکە نەماو خوا دەرووی ڕەحمەت و میهرەبانی خۆی لێ کردنەوە، یەکسەر دەستەیەکیان هاوەڵ بۆ پەروەردگاریان بڕیار دەدەن * با ئەوانە هەر بەدنمەك بن و قەدەر نازو نیعمەت و بەخششەکانیان نەزانن، با ڕابوێرن، لە ئایندەدا دەزانن چ پەندێکیان داوە و چ بەڵایەکیان بەسەر خۆیاندا هێناوە * ئایا مەگەر بۆ سەر ئەو هاوەڵگەرانە بەڵگەمان ناردووە تا وێڵ بن لە خواپەرستی و شوێنی نادروستی بکەون؟! بەڵگەکەش قسە بکات و شەریك بۆ خوا دانانەکە پەسەند بکات؟! * کاتێکیش ڕەحمەتێك بە خەڵکی بچێژین، ئەوان لە خۆیان بایی دەبن،

خۆ ئەگەر بەڵاو نەخۆشییەکیشیان تووش بێت لەسەرەنجامی کارو کردەوەو دەستپێشخەری خۆیاندا، دەست بەجێ نائومێد دەبن لە ڕەحمەتی خوا.]

## شەرح و ڕاڤەکردن:

دانەر باس دەکات کە لە گەورەترین هۆکارەکانی کەوتنە ناو شیرکەوە بەگەورەگرتنی پیاوچاکان و دۆستانی خوایە جگە لە خوا، وە هۆکاری دیکەش هەن بۆ کەوتنە ناو شیرك لەوانە بەگەورەگرتن و پیرۆزکردنی ئەستێرەکان.

## بە گەورەگرتنی ئەستێرەکان.

ئەم جۆرە لە هاوەڵگیریی لە کن صابیئییەکان هەبووە، هەروەك لای گەلی ئیبراهیمیش سەلات و سەلامی خوای لێ بێت، کە لە وڵاتی شام بە ڕووی حەڕان و چواردەوەرەکەیدا بوون، لەوێ ئەستێرەیان دەپەرست و پەیکەریان بۆ دروست دەکردن، وە تاکو ئێستەش پاشماوەی هەندێ لەو پەیکەرانە هەر ماون، تەنانەت کاتێك زانایانی ئاسەوارو هەڵکۆڵین لەمانەیان کۆڵییەوە بینییان کە ئەو نەتەوەیە چەندچاودێر (مراصد) و پەیکەریان دروست کردووە و بەرزیان کردونەتەوە.

هەروەك گۆڕپەرستەکان گۆڕەکانیان بە پیرۆز دەزانی، ئەولیاو دۆستانی خوایان بەگەورەو پیرۆز دەزانی، ئەمانیش ئەستێرەکانیان بە گەورەو پیرۆز دەزانی، لەبەر ئەوە بە گەورەیان دەگرتن و بەندایەتییان بۆ دەکردن، وا دەر ئەکەوێت-خواش زاناترە- کە ئەمانە کاتێك دەیانبینی باران و ڕۆزی و خێرو بەرەکەت هەمووی وا لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ، وە دەیانبینی-بە باوەڕی خۆیان- کە ئەمانە گەورەترین شتانێکن لە ئاسمانەوە بۆیان دێتە خوارێ و سوودیان پێ دەگەیەنێت، ئیتر ڕوویان کردە گەورەکردن و بە پیرۆززانینی ئەم دروستکراوانە و پێگەیەی لە دڵیاندا کردەوە، شەیتانیش وای خستبووە هۆش و بیروباوەڕیانەوە کە ئەگەر هات و فلانە ئەستێرە لە فلانە کات و شوێندا دەرکەوت ئەوە ئیتر مانای وێرانکاری و لەناوچوونە، بومەلەرزە ڕوودەدا، زەوی ڕۆ دەچێت.. وە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر فلانە ئەستێرەش بەدیار کەوت و لە

فلأنه ئەستێرەی تر نزیك بۆوە، ئەوە مانای خێرو بەرەكەت و باران بارینە، خۆش و گوشادییە.. شەیتان بەم شێوەیە نیگای دەكردە لای فاڵچی و ئەستێرەناسەكانیان، تا وای فریوی دان كە بەم شێوە گەورەییە دەیانڕوانییە ئەستێرەكان و باوەڕیان وابوو كە كاریگەرییان بۆ سەر جیهانی خوار خۆیان دەبێت، وە ئەوەی لەسەر زەوی ڕوو دەدات بە هۆی كاریگەری و دەستێوەردانی ئەم ئەستێرانەوەیە، ئەم بیروباوەڕە تاكو ئێستەش ئەمە لە ناو موشریك و هاوەڵگیراندا هەر بەربڵاوەو كاریگەریی هەیە! بەڵكوو دەبینیت هەندێك لەوانەش كە لافی موسڵمانێتی لێ دەدەن پرسیارت لێ دەكەن كە تۆ لە كام ئەسترەیت! لە كام بورجیت! بورجی سەرەتان!! پێت دەڵێت: بەختێكی باشت هەیە، هاوسەرگیریت سەركەوتوو دەبێت، بە ئاواتی خۆت دەگەیت و ئاواو ئاوات لێ دێت!! یان پێت دەڵێت: نەخێر تۆ لە بورجی دووپشكیت، دەزگیرانەكەشت لە بورجی سەرەتانە، ئەمە زیانی بۆت دەبێت، تووشی نەگبەتی وماڵوێرانی دێیت! مەیهێنەو بگەڕێ بە دوای یەكێكدا كە لە بورجێكی تر بێت و واز لەو بێنە!

ئەم ئەفسانەو خورافاتانە تا ئێستەش لەم ئوممەتەدا هەر ماوون -داواكارین لە خوای گەورە كە ئەم بەڵاو گومڕاییەی لەسەر هەڵگرێت و بیگەڕێنێت بە ئوممەتێكی خواناس و تۆبەكارو گەڕاوە- جا ئەم شیركە سەرەتا لە سابئییەكاندا پەیدا بوو، لەبەر ئەوە ئاشورییەكان و بابلییەكان و ئەوانی دیكەش پەیكەری گەورەو چاودێریان بۆ ئەستێرەكان دروست دەكرد، نەك بە مەبەستی زانستی جوگرافیی وەك لەم ڕۆژدە زانراوە، بەڵكوو بە مەبەستی نزیك بوونەوە لێیان و زانینی حاڵ و چۆنێتییان، كردنیان بە بەڵگە بۆ جیهانی خوارەوە، ئەمانەش هەر یەكەیان شەیتانێكی هەبوو، شەیتانەكان دەهاتنە خوارێ و هەواڵ حاڵ و ئەحواڵیان بە فاڵچی و ئەستێرەناسەكان دەدا، هەر ئەستێرەیەكیش كەسێك هەبوو بە ناویەوە قسەی دەكرد و ئەوەی شەیتانەكان پێیان دەگوتن بە خەڵكیان ڕادەگەیاند، ئیتر خەڵكیش وایان دەزانێ كە خوا وەحی بۆ ئەمانە دەكات و ڕاستییەكان هەموو لای ئەمن، یان زانیاری غەیب و پەنهان ئەم دەیزانێت و كاروباری بوونەوەر بەڕێ دەكات.

هەر شوێن و ناوچەیەكیش لەو ناوچانە ململانێی ئەوی تری دەكرد، لەگەڵ یەكدا بەشەڕ دەهاتن و دەجەنگان، لەسەر ئەوەی كە خوای ئەم ناوچەیە

چاكتره لەوەی ئەوان، 🌴 بەم شێوەیە مرۆڤەكان لە گومڕایی و نەفامیدا دەگەوزان، پاشان بتەكان لەسەر زەوی دانران وەك دەڵێن بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی ئەستێرەكاندا گونجاو بن، هەندێكیان ئەستێرەكانی ئاسمانیان دەپەرست، هەندێكیشیان بتەكانی زەوییان دەپەرست، ئیتر كابرای ئەستێرە پەرست پەیكەرێكی لەبەرد بۆ دادەتاشی و دەیگوت: ئەمە لە گەڵ سورشتی موشتەری یان زوحەل دا گونجاوەو وەك ئەوە، ئیتر خەڵكی لەسەر ئەمەوە بەو واتایەی ئەم بتە لەگەڵ سروشت و چۆنێتی ئەو ئەستێرەیەدا هەماهەنگ و گونجاوە، دەیانپەرستن و وایان دەزانی لە خوا نزیكیان دەكاتەوە، ئیتر دۆستەكانیان لە مرۆڤ و شەیتانەكان دەهاتن و ئەچونە ناو ناوەوەی ئەو دارو بەردەوەوەو بە ناوی ئەو بتەوە دەیاندواندن و قسەیان لەگەڵ دەكردن، ئەمە لە كاتی هاتنی پێغەمبەریشدا هەر هەبوو، شەیتانەكان دەچوونە ناو بتەكانەوەو كاتێك خەڵكی داهاتن بۆ لایان ئەمان قسەیان دەكردو فەرمانیان لە نێوانیاندا دەدا، خەڵكیش وایان دەزانی كە ئەم بتانە خۆیانن قسە دەكەن و دەیاندوێنن، بەم شێوەیە شەیتان توانی نەوەی ئادەم فریو بدات و شیرك و هاوەڵگیریی بڵاو ببێتەوە.

## هاوبەش بڕیاردان بە هۆی فریشتەكانەوە.

🌴 هەروەها شیرك بە فریشتەو پەرییەكانیشەوە دروست بووە، بت و یادبوودیان بۆ داناون –هەروەك دانەر دەڵێت- نەتەوەیەك هەبوون دەیانگوت: فریشتەكان لە ڕەگەزی چاكەكانن، ئەوانە بەندەی گوێڕایەڵی خوان و شەوو ڕۆژ بێ وچان بەندایەتی دەكەن و ناوەستن، هیچ سەرپێچییەكەی خوا ناكەن لەوەی فەرمانیان پێ دەدات و چییان فەرمان پێ بدات دەیكەن، بێگومان كە پێغەمبەرانیش هەواڵیان بە سیفاتی بەرزو گەورەی ئەوان و گوێڕایەڵییان بۆ خوا داوە.

وتیان: كەواتە فریشتەكان دەكەینە تكاكارمان بۆ لای خوا، هاوار ئەكەینە فریشتەكان وەك جبرەئیل و میكائیل كە لای خوا تكامان بۆ بكەن، پاشان ئیتر سەربەخۆ لێیان دەپاڕێنەوە، خۆ ئەگەر بەوانە بوترێت: بۆ هاوار لە فریشتەكان دەكەن و لێیان دەپاڕێنەوە؟ دەڵێن: ئێمە نایانپەرستن و هاواریان لێ ناكەین تەنها بۆ ئەوە نەبێت پلەیەك لە خوامان نزیك

بکەنەوە، چونکە ئەوانە لە ئێمە لە خوا نزیکترن، بەڵام ئێمە هەژارو گوناهبارین، ناتوانامان نییە بۆ خۆمان ڕاستەوخۆ لە خوا بپاڕێینەوە، چۆن لە خوا بپاڕێینەوە کە هەموو گیانمان تاوان و گوناهە؟ بەڵکوو هاوار لەمانە ئەکەین چونکە ئەمان لە خوا نزیکن، دەنگمان دەگەیەننە لای خواو تکامان بۆ دەکەن.

ئەو خوایەی کە دەرگای تەوبەو پەشیمانی خستۆتە سەر پشت! بەشەو دەستی ڕادەخات تاکو تاوانباری ڕۆژ تەوبە بکات، بە ڕۆژ دەستی ڕادەخات تاکو تاوانباری شەو تەوبە بکات، هەر ئەوە کە تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت، لێبوردەی تاوانەکانە، وەرگری تەوبەو پەشیمانییە، دەسەڵاتدارو خاوەن و بەخشندەی نازو نیعمەتەکانە، هەر ئەوە ڕزگارکەری هەرکەسێکە لە تاریکایی ناو ئاوو وشکانیدا، ئەو خوایە ئەمانە سیفاتی بن، چ پێویستییەکەی بە کەسێك هەیە بیبێتە نێوەندی خۆی و بەندەکانی، یان تکاو شەفاعەتی لا بکات، یان هاوار لە کەسێکی تر بکرێت و ئەو بەو زاتەی بگەیەنێت، کەسێکی تر بپەرستێت تاکو لە ڕێیەوە بەزەیی و لێبوردەیی دابەزێنێتە سەر یەکێك؟!

پاك و بێگەردی هەر بۆ خوا کە ئەمە بوختانێکی چەند گەورەیە!

ئەمە بوو ئەسڵ و بنچینەی ئەوانەی بەندایەتی فریشتەکانیان دەکرد.

## پەرستنی جنۆکە و پەریەکان.

سەبارەت بە پەرستنی جنۆکە، ئەو ڕۆژەی خوا -سبحانەوتعالی- هەموویان (ئادەمیزاو پەرییەکان) کۆ دەکاتەوە -ڕۆژی هەڵسانەوە- فەرمان بە هەموو ئەوانە دەدات کە لە دنیادا تاغوت و یاخیبووەکانیان پەرستووە کە شوێن پەرستراوەکانیان بکەون، ئیتر هەر یەك شوێن ئەو تاغوت و ملهوڕە دەکەوێت کە لە دنیادا لە جیاتی خوا پەرستویەتی و گوێڕایەڵی کردووە، ئەوانەش لە دنیادا بەندایەتییان بۆ جنۆکەکان کردووە لەوێ شوێنیان دەکەون، ئیتر خوای گەورەش هەر یەك لە تاغوت و یاخی بووان و بەندەو کۆیلەکانیان دادگایی دەکات، ئەوجا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الْإِنسِ﴾ [ ئەی گرۆهی جنۆکە بە ڕاستی زۆرتان لە ئادەمییەکان گومڕاو سەرلێشێواو کرد ][**الأنعام:128**] واتە: ئەوانەی جنۆکەکان

دەپەرستن زۆرترینی کۆمەڵەکانی نەوەی ئادەمن، ﴿وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُمْ مِنَ الْإِنْسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا﴾ [الأنعام:128]. (1) [گوێ لە مشتەکانیان، (لە خەڵکی نەگبەت و ڕەنجەڕۆ) دەڵێن: پەروەردگارا؛ هەندێکمان سوودمان لە هەندێکمان وەرگرت (سوودی ئینسانەکان ڕابواردن و سامان کۆکردنەوە بوو، سوودی پەریەکانیش پێڕی خۆیانیان زۆر کرد بە گومراکردنی خەڵکێکی زۆر)، ئێستەش ئەوەتە گەیشتوینەتە ئەو کات و ساتەی تۆ بۆت دیاری کردووین]

جا هۆی کەوتنە ناو بەندایەتیکردنی جنۆکەکان بریتییە لە: چێژو خۆشی وەرگرتنی هەر یەك لە جنۆکەو مرۆڤ لەیەکتر، کە ئەمە وەڵامی ئادەمییەکانە لە قیامەتدا، خوای گەورە لە سورەتی (الجن)دا دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِنَ الْإِنْسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾ [الجن:6] [بەڕاستی پیاوانێك لە دەستەی ئادەمیزادە پەنایان دەبردە بەر پیاوانێك لە پەریەکان (پەریەکانیش ئەمەیان بە هەل دەزانی) کەچی ئەوەندەی تر ماندوویان کردن (بە خورافات و شتی بێ سەرو بەر)] بابای ئادەمی وا گومان دەبات کە سوود و قازانج لە پەریەکە وەر دەگرێت، ئەگەر بە ناو دۆڵێکی ترسناکدا بڕۆشتایە دەیوت: پەنا ئەگرم بە گەورەی ئەم دۆڵە لە گەوج و نەفامەکانی گەلەکەی، واتە: خۆشی و چێژی بەوە دەست ئەکەوت کە سەلامەت بێت لە جنۆکە نەفام و هەرزەکانی ئەو شیوەی پێیدا تێپەڕیوە، لە بەرامبەر پاڕانەوە و داواکردن لە گەورەکەیان، هەروەها پەریەکانش بە بەندایەتیکردن و داواکردنی ئادەمییەکان لێیان چێژو لەزەتیان وەردەگرت، بەم جۆرە هەریەکەیان خۆشی و لەزەتیان لەوی تر دەکرد، بەڵام تەنها ترس و ماندوو بوون و کەنەفتبوونیان زیاتر دەبوو، بە شێوەیەك کاتێك ئادەمییەك بە شیو و دۆڵێکدا دەڕۆیشت، گەورەی پەریەکانی ئەو شوێنە یەکێکی لێ ڕادەسپارد کە بیترسێنن، کاتێکیش بیم دایدەگرت و دەترسا دەیوت: پەنا ئەگرم بە گەورەی ئەم شیوە لە نەفام و گەوجەکانی، بەم شێوەیە ماندوو بوون و ترس و بیمی کابرا زیاتر دەبوو تاکو زیاتر هاوار لە پەریەکان بکات و بیانپەرستێت، ئەمەش بەردەوام لەگەڵ ئەوانەدا ڕووی داوە کە مامەڵە لە گەڵ جنۆکەدا دەکەن، جۆرێك لە خۆشی و لەزەتیان بۆ دێتە جێ کە بە هۆی پەیوەندیکردن بەم جنۆکانەوە خەڵکی بە گەورەیان دەگرێت و وا دەزانێت غەیب و پەنهان دەزانن، ماڵ و سامانیان دەدەنێ و چییان بوێت بۆیان بەجێ دێنن بەرامبەر بەوەی نەخۆشەکانیان چاك بکەنەوە، یان ئەو سیحرو جادووەی لێیان کراوە بیکەنەوەو هەڵیوەشێنن، یان شتێکی ون بوویان بۆ بدۆزنەوە، یان پێویستییەك کە بە دوایدا وێڵن، یان هەر کارێکی دیکە بێت، ئینجا خۆشی و لەزەتی ئادەمییەکە لەوەدایە کە خەڵکی بەگەورەی دەگرن و

ماڵ و پارەی بۆ دێنن و پلەو پایەی بەرز دەبێتەوەو پێی دەڵێن: ئەمە دۆستی خوایە، خۆشی و لەزەتی جنۆکەکەش ئەوەیە کە ئەم ئادەمییەی خەڵکی بە گەورەی دەزانن و دێن بۆ لای و داوای کردنەوەی سیحری لێ دەکەن، جنۆکەکە دەپەرستێت و یارمەتی و کۆمەك لەو وەردەگرێت، با ئەم کابرا جادووگەرە لەبەر چاوی خەڵکدا نوێژیش بکات و لافی موسڵمانێتیش لێ بدات، خەڵکیش ئەزانن ئەمە مامەڵە لەگەڵ جنۆکە دەکات و کۆمەك لەوان وەردەگرێت، کڕنووشی بۆ دەبات، قورئان لە شوێنی پیس دادەنێت تاکو لێیان نزیك بێتەوە، -پەنا بە خوا- بە خوێنی پیس و بۆگەن قورئان دەنوسێتەوە، دەیکاتە چەند پەڕەو هەڵیدەواسێت کە ناوی دەبەن بە پەردە یان حیرزو پارێزەر، بە نموونە: خەڵکانێك باوەڕیان وایە کە فلانە وەلی دەتوانێت جنۆکە لە لەشی مرۆڤ دەرکات و لایبەرێت؛ چونکە جنۆکەکان بەکار دێنێت، وە دەزانێت چۆن بیانکاتەوە، ئیتر بەم شێوەیە ئەم کابرا جادووگەرە یەکێك لە شوێنکەوتووان –دۆستەکانی خۆی- زاڵ دەکات بەسەر یەکێك لە ئادەمییەکانداو دەچێتە ناوی، ئادەمییەکەش دێتە لای و دەڵێت: جنۆکە چۆتە ناو منداڵەکەمەوە، وەلیەکەش دەڵێت: دەرمانەکەی لای منە، ئنجا وەلییە ئادەمییەکە هەڵدەستێت و دەست دەکات بە پاڕانەوەو بەندایەتیکردنی جنۆکەکان، ئیتر ئەو کاتە گەورەی جنۆکەکان فەرمان دەدات بە چونە دەرەوەی ئەو جنۆکەیە لە لاشەی ئەو منداڵە، دەرەنجامەکەش بەو شێوەی لێ دێت کە ئەم پیاوچاکە ئادەمییە هەڵساوە بە کردنە دەرەوەی ئەو جنۆکەیە لە لەشی ئەو منداڵەداو بەم شێوەیە دەبێتە پیاوچاك و گەورەو ئاوەها جنۆکەکان شیرك و ئیرهاقیان زیاتر دەکات!

شیرك و هاوەڵگیریی لەزەویدا بە هۆی ئەمانەوە زۆر دەبێت و پەرە دەسێنێت، لەبەر ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ ﴾ [النحل:100] [ بێگومان(شەیتان) تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کە پشتیان پێ بەستووە] جا ئەوانەی باوەڕیان بەوە نییە ئەم کابرایە پیاو چاك بێت و دۆستی خوا بێت، بەڵکوو باوەڕیان وایە کە موشریکەو هاوکاری جنۆکەکان دەکات، ئەوانە بە یارمەتی خوا پارێزراوترن لە زەرەرو زیانی جنۆکەکان لەوانە کە باوەڕیان وایە ئەمە پیاوچاکەو خواناسە، لەگەڵ ئەوەشدا گومان لەوەدا نییە کە ئەم کارە تاقیکردنەوەی خوایە بۆ هەندێك لە بەندەکانی، جاری وایە مرۆڤ یەکێکیش نییە لە دۆستانی جنۆکە، نایانپەرستێت، باوەڕی نییە شتێکیان بەدەست بێت، بەڵام جنۆکە دەچێتە لاشەیەوە و ئازاری دەدات، بەڵام ڕێژەی چونە ناوی جنۆکە بۆ ئەم پیاو چاکانەو ئازاردپێگەیاندنیان زۆر کەمترە لە ڕێژەی ئەو تیرەو هۆزو کۆمەڵ و

شارانەی کە باوەڕیان بەم جۆرە بە ناو ئەولیاو پیاوچاکانە هەیە؛ چونکە دەسەڵاتی شەیتان بەسەر دۆست و لایەنگرانییەوە زیاترە وەك دوژمن و نەیارانی، وە پاراستنی خواش بۆ ئەو کەسانە بەردەوامەو دەیانپارێزێت، وە زیاتر لە فرت و فێڵی شەیتان و دۆستانی شەیتان دووریان دەخاتەوە؛ چونکە ئەوەی باوەڕی پێیانە خۆی داوە بە دەستەوەو تەسلیم بووە، تەواو دڵی کردۆتەوەو هیچ بەرگرییەکی نەماوە؛ شەیتان سەرەتا بە کۆمەڵێك گومان و دوودڵییەوە بۆی دێت، پاشان دڵی نەخۆش دەخات، پاشان چارەسەریشی بۆ دێنیّ.

دەڵێن: ئەی پاشای زەوی حەوتەم لە جنۆکەکان، یەکێك لە فلانکەسی شوێنکەوتوانت، چۆتە ناو فلان کەسەوەو ئەویش بە ئەوەو بە ئەوە دەری هێناوە، پاشان چەند ناوو ژمارەو مەتەڵێك بە سریانی دەنووسن-وەك دەڵێن- یان بە زمانێکی نەناسراو، چونکە شەیتانەکان کۆمەڵە هێمایەکی دیاریکراویان فێر دەکەن کە هێمای بەندایەتییەکانیانە- جا ئەوانە ئەم ڕەمزو هێمایانە دەنووسن، پاشان بانگیان دەکەن، جا هەر کات بانگیان کردن، پاشای ئەو جنۆکانە دێت، فەرمان بەو دۆستە جنۆکەیەی دەدات کە لە ژێر دەستیەتی- ئەو مرۆڤەی ئازار داوەو چۆتە لاشەیەوە- کە لێی بچێتە دەرەوە، وە هەروەها.

سەبارەت بە هەریەکە لە فریشتەو پێغەمبەرەکانیش –ڕەزای خوایان لێ بێت- ئەوە بە هیچ شێوەیەك ڕازی نین هاواریان لێ بکرێت جگە لە خوا، وە هەرکەسێك بێجگە لە خوا پەرسترا –کە پێی ڕازی نییە- ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا خۆی بەری ئەکات لەوانەو دەبێتە دوژمن و نەیاریان هەروەك مەسیح سەلامی خوای لێ بێت خۆی بەری کرد لێیان، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ * مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلَّا مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ﴾ [المائدة:116–117] (2) وە ئەم قسەیە یەکەم وتەی مەسیحە پاش ئەوەی خوا دروستی کردو وتی: من بەندەی خوام، وە لە ڕۆژی دواییشدا دەڵێت: هیچم پێ نەگوتوم تەنها ئەوە نەبێت کە فەرمانت پێ داوم: کە خوا بپەرستن، -واتە من بەریم لە خۆیان و لە شیرك و هاوبەش بڕیاردانیان- ئیتر ئەو کاتە شیرکەکە بەسەر خۆیاندا دەکەوێتەوە، تۆڵەو سزا تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە پەرستویانەو هاواریان لێ کردووە.

بەڵام جنۆكەكان لەبەر ئەوەی لە دنیادا ڕازی بوون كە بپەرسترێن، ئەوە لەو دنیا سزاو خەشم و تۆڵەی خوا ئەوانیش دەگرێتەوەو ڕاپێچی دۆزەخ دەكرێن.

بەڵام فریشتەكان ئەوە دەڵێن: ﴿بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ﴾ [سبأ:41] (3)-واتە زۆربەی ئینسانەكان باوەڕیان بە جنۆكەكان هەیە- ئەوانەی لە نەوەی ئادەم جنۆكە دەپرستن زۆرترن لەوانەی فریشتەكان دەپەرستن، چونكە فریشتەكان لە ڕۆژی قیامەتدا خۆیانیان لێ بەری دەكەن.

جا گەورەترین هۆكارەكانی كەوتنە شیرك: بەگەورەگرتنی جگە لە خوایە، لەبەر ئەوە خوای گەورە لەسەرەتای سورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ﴾ [الأنعام:1] [سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی كە ئاسمانەكان و زەوی دروست كردووە، تاریكی و ڕووناكی فەراهەم هێناوە (كەچی لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە بەهێزو سەرسام ئاوارانەدا) پاشان ئەوانەی بێباوەڕ بوون بە پەروەردگاریان یەكێك لە دروستكراوەكانی خوا دەكەنە هاوتای خوا]،واتە: یەكێك لە دروستكراوەكانی خوا دەكاتە هاوتای خواو، لە خۆشەویستی و گەورەیی و پیرۆزیدا لەگەڵ خوادا یەكسانی دەكات ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ﴾ [البقرة:165] [لە خەڵكی هەیە لە جیاتی ئەوەی خوا پەرست بێت، شتانی تر دادەتاشێت بۆ خۆی و دەیانكەتە هاوشانی خواو خۆشی دەوێن وەك خۆشەویستی ئیمانداران بۆ خوا، بەڵام ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە زۆر زیاتر خوایان خۆش دەوێت]، هاوتایی و یەكسانی ئەوەیە لە خۆشەویستی و گەورەیی و بە پیرۆزگرتندا بێت؛ نەك باوەڕ بەوەی كە وەك چۆن خوا دروستكەرو بەدیهێنەرە ئەوانیش وابن، چۆن ڕۆزیدەرە ئەوانیش وابن.

لێرەدا شتێك جێی تێڕامان و سەرسامییە: موشریك و هاوەڵگیرانی ڕابوردوو كاتێك تووشی تەنگەشەو زەرەرو زیانێك بهاتنایە، دەگەڕانەوەو دڵسۆزانە هاواریان لە خوا دەكرد، بەڵام شیرك و هاوبەش بڕیاردانی پاش ئەوان جێی سەرسامی و تێڕامانە، هەروەك لە كاتی خۆشی و گوشادی و فەرەحیدا هاوار لە جگە لە خوا دەكەن، هەر بەو شێوە لە كاتی تەنگەشەو نارەحەتیشدا هاوار لە جگە لە خوا دەكەن و ناگەڕێنەوە بۆ پەروەردگاریان، ئەمە بەڕاستی -پەنا بە خوا- كۆتا پلەی تیاچوون و سەرشۆڕییە، داواكارین لە خوای گەورە پارێزراومان بكات بە دوورمان بخات لە شیرك بە وردو بەرچاویەوە، بە بچووك و گەورەیەوە، بە شاراوەو ئاشكرایەوە، بمانپارێزێت

لە ڕێگەو ڕێبازی موشریکان، وە لە هەرچییەك بەرەو شیرك دەڕوات، وە بمانگێڕێت لە بەندە ئیماندارو یەکخواپەرستەکانی خۆێ.

---

(1) [وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُمْ مِنَ الإِنسِ وَقَالَ أَوْلِيَاؤُهُمْ مِنَ الإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِي أَجَّلْتَ لَنَا قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ] واتە:[ڕۆژێك دێت خوا هەموویان کۆ دەکاتەوەو (بە خەشم و قینەوە دەفەرمویێت): ئەی دەستەی پەریەکان بەڕاستی ئێوە زۆر کەستان لە ئینسانەکان گومڕا کرد، لەولاشەوە گوێ لە مشتەکانیان، (لە خەڵکی نەگبەت و ڕەنجەڕۆ) دەڵێن: پەروەردگارا هەندێکمان لە هەندێکمان سوودمان وەرگرت (سوودی ئینسانەکان ڕابواردن و سامان کۆکردنەوە بوو، سوودی پەریەکانیش پێڕی خۆیانیان زۆر کرد بە گومڕاکردنی خەڵێکی زۆر)، ئێستەش ئەوەتە گەیشتوینەتە ئەو کات و ساتەی تۆ بۆت دیاری کردوین، خوایش فەرمووی: (مادەم وایە) ئەم ئاگرە جێگەتانە نەمرن تیایدا، مەگەر خوا ویستی لەسەر بێت (بە سزایەکی تر سزاتان بدات) بە ڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی موحەممەد) داناو زانایە].

(2) مانای ئایەتەکە: [کاتێکیش خوا (لە قیامەتا) فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا ئەوە تۆ بە خەڵکیت وتووە: منیش و دایکیشم بە دوو خوا دابنێن لە خوار خوای پەروەردگارەوە؟ عیسا لە وەڵامدا وتی: پاکی و بێگەردی و بێ هاوەڵی شایستەی تۆیە، بۆم نییە من شتێك بڵێم بۆ خۆم کە مافی من نەبێت؟! (چۆن حەق بە خۆم دەدەم شتی وا بێت بە زارمدا؟!) خۆ ئەگەر شتی وام وتبێت ئەوە بەڕاستی تۆ دەیزانیت و لێت شاراوە نییە، چونکە تۆ دەیزانیت بە هەرچی لە دڵ و دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم چی لە نەفس و حەقیقەتی زاتی تۆدا هەیە، چونکە بەڕاستی هەر تۆ زاناو شارەزای نهێنی و پەنهانی * من هیچ شتێکم پێ نەوتوون جگە لەوەی کە تۆ فەرمانت پێداوم، ئەویش ئەوەیە: تەنها خوا بپەرستن ....]

(3) [قَالُوا سُبْحَانَكَ أَنْتَ وَلِيُّنَا مِنْ دُونِهِمْ بَلْ كَانُوا يَعْبُدُونَ الْجِنَّ أَكْثَرُهُمْ بِهِمْ مُؤْمِنُونَ]